ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/342788499

# راگەیاندنی نیشتمانی بایەخی بۆ هەرێمی کوردستان و ئاستەنگەکانی بەردەم دامەزراندنی

**Book** · February 2020

CITATIONS
0

READS
29

2 authors:

Karwan Ali Qadir
Sulaimani Polytechnic University
6 PUBLICATIONS 0 CITATIONS
SEE PROFILE

Hersh Murad
Sulaimani Polytechnic University
21 PUBLICATIONS 263 CITATIONS
SEE PROFILE

Some of the authors of this publication are also working on these related projects:

Traditional Media and New Media View project

Social Media and COVID-19 Pandemic View project

All content following this page was uploaded by Karwan Ali Qadir on 19 August 2021.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# راگەیاندنی نیشتمانیی

## بایەخی بۆ هەرێمی کوردستان و ئاستەنگەکانی بەردەم دامەزراندنی



د. هێرش رەسوڵ ـ د. کاروان عەلی

راگەیاندنی نیشتمانیی ■ د. هێرش رەسوڵ ـ د. کاروان عەلی

# راگەیاندنی نیشتمانیی

## بایەخی بۆ هەرێمی کوردستان و

## ئاستەنگەکانی بەردەم دامەزراندنی

د. هێرش رەسوڵ – د. کاروان عەلی

2019

✍ ناوی کتێب: **راگەیاندنی نیشتمانیی**
✍ بابەت: **توێژینەوە**
✍ نوسەر: **د. هێرش رەسوڵ – د. کاروان عەلی**
✍ پیتچنین: **نوسەران**
✍ دیزاینی ناوەوە: **م. محەمەد بابۆڵی**
✍ دیزاینی بەرگ: **هۆگر حەمەساڵح**
✍ نۆرەی چاپ: **یەکەم**
✍ چاپ: **چاپخانەی حەمدی**
✍ تیراژ: 1000 **دانە**
✍ نرخ: 2000 **دینار**
✍ ساڵ و شوێنی چاپ: 2019 - **سلێمانی**

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان**
**ژمارەی سپاردنی (1853)ی ساڵی 2019 ی پێدراوە**

ئەم توێژینەوەیە، مەبەستییەتی، لە رێی وروژانـــدنی چـەند پرسـیارێکی سـەرەکیی و هـەروەها رونکردنـەوەی بایـەخ‌و پێویسـتیی راگەیانـــــدنی خزمـــــەتگوزاریی گشـــــتیی "راگەیاندنی نیشتمانیی" بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان، بە دوای پێگەکەیدا لەو واقیعـەدا بگەڕێت‌و، ئاستەنگەکانی بەردەم دامەزراندنی دیـــاری بکـــات، هـــەروا گۆشـــەو رەهەنـــدە جیاوازەکـــانی بابەتەکـــەش بـــەوردیی شرۆڤەبکات.

## ئەم هەوڵەمان پێشکەشە بە:

- کوردستانە بێنازەکەمان، کە ڕاگەیاندنەکەیشی، وەک زۆربەی بوارەکانی دیکەی، تا هەنوکەش بەنیشتمانیی نەکراوە
- ڕاگەیاندکارانی هاوڕێو هاوپیشەمان، بە ئاراستە جیاوازەکانەوە.
- خوێندکارانی بەشەکانی ڕاگەیاندن‌و پەیوەندییەگشتییەکان لە سەرجەم کۆلێج و پەیمانگاکانی کوردستاندا.

**کاروان - هێرش**

# ناوەرۆك

پێشەكی:.................................7
بەشی یەكەم ڕێبازنامەی توێژینەوەكە.............9
1-1: ناونیشانی توێژینەوەكەو هۆكاری هەڵبژاردنی...9
1-2: سودو بایەخی توێژینەوەكە...................11
1-3: كێشەی توێژینەوەكە.........................12
1-4: ئامانجی توێژینەوەكە........................13
1-5: جۆرو ڕێبازی توێژینەوەكە....................14
1-6: ڕواڵەتەدروستیی.............................14
1-7: ڕێگەو ئامرازی توێژینەوەكە..................15
1-8: سنوری توێژینەوەكە..........................16
1-9: كۆمەڵو مشتەی توێژینەوەكە...................17
1-10: توێژینەوەكانی پێشو........................18
1-11: دیاریكردنی چەمكو زاراوەكان..................19
بەشی دووەم: گەشەندنو ئاستەنگەكانی ڕاگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی (تیۆرینامەی توێژینەوەكە)........23
2-1: چەمكو پێناسەی ڕاگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی........................................23
2-2: ڕاگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی یان ڕاگەیاندنی نیشتمانی: سەرهەڵدانو گەشەكردن..................26
2-3: پایە (ڕەگەزە) سەرەكییەكانی ڕاگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی................................43
2-4: ئەركەكانی ڕاگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی......51
2-5: ئاستەنگەكانی بەردەم ڕاگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی:.........................................55
2-6: گرنگیی ڕاگەیاندنی نویٚ بۆ ڕاگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی.................................65
بەشی سێیەم: پراكتیكنامەی توێژینەوەكە............73
3-1: تەوەری یەكەم: زانیاریی كەسیی..............74

3-2: تەوەری دووەم: واقیعی هەرێمی کوردستان‌و ئاماژەکانی دەرکەوتنی "راگەیاندنی نیشتمانیی" .....77
3-3: تەوەری سێیەم: بایەخ‌و پێویستیی "راگەیاندنی نیشتمانیی" بۆ هەرێمی کوردستان‌و، ئاستەنگەکانی بەردەمی.............................................91
دەرئەنجام
راسپاردە

## پێشەکی:

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنە هەمەلایەنەکان لە شێوازی ژیانی تاك لە کۆمەڵە جیاوازەکاندا، جۆرو شێوەی ئامرازەکانی راگەیاندنیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێتو بەپێی سروشتی قۆناغەکان، جۆرو شێوەی نوێو کاریگەر هاتونەتەکایەوە.

راگەیاندنی نیشتمانیی، یەکێکە لەو جۆرو شێوە نوێیانە بۆ ئێستاو سەردەمی خۆیشی، کە مەبەست لێی دامەزراوەی راگەیاندنی فرەپەخشە، پشتبەست بە گوتارێکی رۆشنی فرە بوارو لایەنەی نیشتمانیی، وردو پیشەییانە، بە ئاراستەی بەرژەوەندیی گشتییو نیشتمانیی کاردەکات.

ئەوجۆرە دامەزراوەیە، لە دۆخی فەراهەمبونی ژینگەی لەبار، رۆڵی گەورەو گرنگ لە بوار و کایە جۆربەجۆرەکاندا دەگێڕێت، هەروا لە ئەنجامی کارکردنی پیشەییانە تێیدا، گۆڕانکاریی گەورەی سیاسیی، ئابوریی و کۆمەڵایەتییو رۆشنبیریی دروستدەبێت.

بەوپێیەی، کە هەرێمی کوردستان لە کۆی بوارە جیاوازەکانیدا بە شێوەیەکی گشتیی، کێڵگەیەکی دەستلێنەدراوە بۆ توێژینەوەو تاوتوێکردنی

ئـــەكاديميی‌و زانســـتيی، كـــەوا راگەياندنەكەيشـــی بەهەمانشێوە، تاكو ئێسـتا كـەمترين كـاری جـدديی ئەكاديميی لەبارەوە كـراوە، بۆيـە ئەنجامـدانی ئـەم توێژينەوەيە بە پێويست زانرا.

توێژينەوەكە، مەبەستييەتی، لە رێی ورووژانـدنی چــــەند پرســــيارێكی ســــەرەكييەوە، وێــــڕای رونكردنـــەوەی بايـــەخ‌و پێويســـتيی "راگەيانـــدنی نيشـتمانيی" بـۆ ئێسـتای هـەرێمی كوردسـتان، بـە دوای پێگەكەيـــدا لـــــەو واقيعـــــەدا بگـــــەڕێت‌و، ئاسـتەنگەكانی بـەردەم دامەزرانـدنی ديـاری بكـات، هـەروا گۆشـەو رەهەنـدە جياوازەكـانی بابەتەكـەش پشبەســـت بەچـــەندين سەرچـــاوەی رەســـەن شرۆڤەبكات. بۆيـە توێـژەران، سـودو بايەخەكـەيان لـە هەريـەك رەهەنـدەكانی: (كۆمـەڵ، نيشـتمانيی، ئەكاديميی و، پيشەيی) چڕكردۆتەوە.

**پ. ی. د. هێرش رەسوڵ موراد**
hersh.rasool@spu.edu.iq
**د. كاروان عەلی قادر**
**karwan.ali@spu.edu.iq**

## بەشی یەکەم ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### 1-1: ناونیشانی توێژینەوەکەو هۆکاری هەڵبژاردنی

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە سەردەمی ئەمڕۆی پێشکەوتنی خێرای زانستو تەکنەلۆژیادا، توانیویانە پانتاییەکی بەرینتر لە جیهانی نوێدا داگیربکەن و، ببنە بلّندگۆیەکی دیار بۆ پەخشو بڵاوکردنەوەی پەیامی جیاواز، لە کاتو شوێنی جیاواز، بە زمانی جیاواز، بە کەمترین ماوەو، لەوانەش گرنگتر بۆ ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە جەماوەری وەرگر.

هاوکات، سروشتی گۆڕان و، پێویستیی ژیان، ژیار، کەلتورو کۆمەڵە جیاوازەکانی مرۆڤایەتیی، لە ڕوە جیاجیاکانەوە، لەلایەك و، گۆڕانکارییە سیاسیی، ئابوریی، کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکانی ئەو کۆمەڵانە، لەلایەکیترەوە، هێنانەکایەی جۆری دیکەی لەو ئامرازانەی ڕاگەیاندنی، کردۆتە پێویستییەکی جێبایەخ. لەوانەش ڕاگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی ( Public Service Media) یان "ڕاگەیاندنی نیشتمانیی".

ئـــەم توێژینەوەیـــە، ناونیشـــانی (پێگـــەی ڕاگەیانـدنی خزمـەتگوزاریی گشـتیی "ڕاگەیانـدنی نیشـــتمانیی" لـــە هـــەرێمی کوردســـتاندا/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە)ـی بـۆ خـۆی هـەڵگرتوە. بەو واتایەی، دەیەوێت، لە ڕێگەی وروژاندنی چەند پرســیارێکی ســەرەکییەوە، بــە دوای بایــەخو پێویسـتیی ئـەو ڕاگەیاندنـە بـۆ واقیعـی هـەرێمی کوردســتانی عــێراقو ئاســتەنگەکانی بــەردەم دامەزرانـــدنی بگـــەڕێت و، گۆشـــەو ڕەهەنـــدە جیاوازەکانی بابەتەکە شرۆڤەبکات.

زیادەڕۆیی نیە، کە بنوسین، هەرێمی کوردستان لە سـەرجەمی بـوارە جیاوازەکانیـدا بـە شـێوەیەکی گشـتیی، بـە کێڵگەیـەکی دەسـتلێنەدراوو لـەبار بـۆ توێژینــەوەو تــاوتوێکردنی ئــەکادیمیو زانســتیی هـــەژماردەکرێت. وەکچـــۆن، ڕاگەیاندنەکەیشـــی، یەکێکە لەو کایە دیارانـە، کـە (بـە هۆکـارو پاسـاوی جیــاواز) تــاکو ئێســتا کــەمترین کــاری جــددیی ئەکادیمی لەبارەوە کراوە.

لـەو ڕوانگەیەشـەوە و، لـە چـێوە گشـتییەکەدا، هۆکارێکی ئەنجامـدانی ئـەم توێژینەوەیـە لـە دیـدی توێژەرانییەوە، پێویستییەکی حەتمیی بو.

لە چێوە تایبەتەکەشدا، هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ لێتوێژینەوە (کە بەردەوام بوەتە مایەی مشتومڕی ناوەندی ئەکادیمییو راگەیاندن و، تەنانەت سیاسەتیش لە هەرێمی کوردستاندا)، دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی توێژینەوەی جددییو نوێی زانستیی لەوبارەیەوە.

## 1-2: سودو بایەخی توێژینەوەکە

توێژەران، بڕوایانوایە، دەکرێ سودو بایەخی ئەم توێژینەوەیە لە چەند روانگەیەکەوە ببینرێت:

أ. روانگەی کۆمەڵ: ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی لەمجۆرە، خۆی کارکردنە بە ئاراستەی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵ و، بایەخدان بە بەها مرۆییەکان.

ب. روانگەی نیشتمانیی: خۆی لە سودو بایەخی ئەوجۆرە راگەیاندنە (راگەیاندنی نیشتمانیی) دەبینێتەوە بۆ بەرژەوەندیی گشتییو نیشتمانیی و، پاراستنو گەشەپێدانی گیانی نیشتمانیبون لای تاکی هەرێمی کوردستان.

ب. روانگەی ئەکادیمیی: ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیی بە رێکارو تێڕوانینی نوێو

سـەبارەت بـە پـرس‌و بابەتـە گـرنگ‌و زینـدوەکان، خـۆی سـودو بایـەخی تایبـەتی بـۆ بـواری تیـۆری‌و ئـەکادیمیا هەیـە، ئەمـە بـە شـێوەیەکی گشـتی. بـە شـێوەیەکی تایبـەتییش، ئـەم بابەتـە (بـە پێـی زانیـاریی هـەردوو توێـژەر) یەکـەم توێژینەوەیـە دەربارەی هەرێمی کوردستان و، هەروا یەکەم کاری جددیی زانسـتییە بـە زمـانی کـوردی لـەبارەی ئـەم بابەتەوە.

ج. روانگەی پیشەیی: ئەم توێژینەوەیە هـەوڵێك دەبێــت بــە ئاراســتەی کــارکردنی جــددیی بــۆ دامەزرانـدنی راگەیانـدنێکی نیشـتمانیی لـە هـەرێمی کوردستاندا.

## 1-3: کێشەی توێژینەوەکە

بۆ رونکردنەوەی کێشەی توێژینەوەکە، دەکرێ کۆمەڵێ پرسیار بخرێنەڕو، لەوانە:

أ. "راگەیاندنی نیشتمانیی" لە واقیعـی ئـەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا تاچەند بونی هەیە؟

ب. تـا چ رادەیـەك هێنانەکایـەی راگەیانـدنێکی نیشتمانیی بـۆ دۆخـی ئـەمڕۆی هـەرێمی کوردسـتان گرنگ‌و پێویستە؟

ج. دیـــــارترین ئاســـــتەنگەکانی بـــــەردەم دروستکردنی راگەیاندنێکی نیشتمانیی لە ئێستای هەرێمی کوردستاندا چیین؟

## 1-4: ئامانجی توێژینەوەکە

ئەنجامــدانی هـــەر توێژینەوەیـــەکی زانســـتی، ئامــانجی زانســتیی‌و بابــەتیی لەپشــتەوەیە، ئــەم توێژینەوەیەش ئامانجی زانستیی خۆی هەیەو، لە دیارترین ئامانجەکانیش:

أ. ئاشــکراکردنی بــون‌و پێگــەی "راگەیانــدنی نیشـــتمانیی" لـــە واقیعـــی ئـــەمڕۆی هـــەرێمی کوردستاندا.

ب. زانـــینی رادەی گرنگیـــی‌و پێویســـتیی هێنانەکایــەی راگەیانــدنێکی نیشــتمانیی بــۆ دۆخــی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان.

ج. دۆزینەوەی دیارترین ئاستەنگەکانی بـەردەم دروستکردنی راگەیاندنێکی نیشتمانیی لە ئێستای هەرێمی کوردستاندا.

## 1-5: جۆرو ڕێبازی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی (وەسفیی)یە و، بۆ تاوتوێکردنی لایەنە مەیدانییەکەشی، ڕێبازی (ڕوپێوکاریی) بەکارهێنراوە.

## 1-6: ڕواڵەتەدروستیی

بە مەبەستی دڵنیابون لە کارایی ڕاپرسییەکەو گونجانی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەداو، بە پشتبەستن بە ڕواڵەتەدروستیی (الصدق الظاهري)، لەلایەن ژمارەیەک (شارەزای زانستیی)(*) هەڵسەنگێنراو پاش وەرگرتنەوەی لە بەڕێزیان و تاوتوێکردنی سەرنجەکانیان، بەپێی پێویست و گونجان گۆڕانکاریی تێدا کرا و، لە ڕێگەی

---

* ئەم شارەزایانە بون:

1. پ. ی. د. حەبیب کەرکوکی، پسپۆڕ لە بواری گوتاری ڕاگەیاندندا، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین.

2. پ. ی. د. هێمن مەجید حەسەن، پسپۆڕ لە بواری بەرنامەکانی تەلەڤزیۆندا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

3. د. عەبدولقادر ڕەحومی ئەحمەد، پسپۆڕ لە بازاڕگەرییدا، کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕیی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

بـەکارهێنانی هاوکێشـەی (هۆڵسـتیی)ـەوە رادەی راستییەکەمان دەرهێنا، کە بریتییە لـە (93.7٪)، ئەمـــەش لـــە روی زانســـتییەوە رێژەیـــەکی پەسەندکراوە.

## 1-7: رێگەو ئامرازی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا بـە شـێوەیەکی گشـتیی دوو رێگەو ئامراز بەکارهاتوە:

أ. **راپرسیی** (الإستبانة)ـی ئۆنلاین(*) گیراوەتەبەر و، وەك ئامرازێك بۆ زانینی تێـڕوانینی دوو بـژاردەی وەرگرانـی کـورد لـە نـاوەوەو دەرەوەی هــەرێمی کوردســـتان، کـــە ئەکادیمســـتانو رونـــاکبیرانن، بەکارهێنراوە.

---

* خزمەتگوزارییـــەکی دیـــارو گرنگـــی پێگـــەی ئـەلیکترۆنیی بـەناوبانگ (گووگڵ)ـە، کـە بـە جـۆرو شـێوازو نەخشەسازیی جیاواز، راپێوینامـە (فـۆرمی راپێـویی) پێدورستدەکرێتو، بۆچونو زانیارییـەکان روپێودەکاتو کۆدەکاتەوە، هاوکات وەڵامدانەوەی بە شـــێوەی ئـــۆنلاین دەســـتەبەرکردوەو دواتـــریش وەڵامەکان بەگوێرەی دوبارەبونەوەو رێـژەی سەدییان رێکدەکات.

ب. **تێبینیکـــردن**: بریتییـــه لـــه ســـەرنجدانی توێژەران بۆ پـرسو بابەتـه سـەرەکییەکەو پـرسو بابەتـــە لاوەکییـــەکان، هـــەروا تێبینیکردنیـــان ســـەبارەت بـــە راگەیانـــدنی کـــوردیی و، رۆڵ، کاریگـــەریی، ئاســـت، ئاســـتەنگو ئاســـۆکانی، بەوپێیـــەی هـــەردو توێـــژەر ســـەرەڕای لایـــەنی ئەکادیمیی، خـاوەن شـارەزایی و ئـەزمونێکی دوورو درێژن لە بواری راگەیاندندا.

## 1-8: سنوری توێژینەوەکە

ســنوری توێژینەوەکــە بەســەر چــوار بــواری جیاوازدا دابەشبوە، کە ئەمانەن:

أ. **بواری مرۆیی**: توێژەران لە رێگەی راپێوینامە (فــۆڕمی راپێــویی)ـــی ئەلیکترۆنییـــەوە چـــەند پرسیارێکیان ئاراستەی کۆمەڵێ بەرتوێـژ لـە هـەردو بــژاردەی ئەکادیمســـتانو رونـــاکبیران کـــرد، لـــەو ژمارەیەش (66) کەس فۆرمەکەیان پڕکردنەوە، کە دەکرێ خاوەنی گۆشەنیگای تایبـەت بـن سـەبارەت بــە راگەیانــدنی کــوردیی هــەرێمی کوردســتان و، بیکەنـــە مشـــتەی توێژینەوەکـــەو وەڵامـــی وردو

تێـــڕوانینی جیاوازیـــان دەربـــارەی بابەتەکـــە دەستبکەوێت.

ب. **بـواری بابـەت**: دامـەزراوەکانی ڕاگەیانـدنی کـوردی لــە هــەرێمی کوردســتان دەگرێتــەوە بــە پێکهاتەی ناوەڕۆکییانەوە.

ج. **بواری کات**: خـۆی لـە ڕێوشـوێنی مـەیدانیی دەبینێتەوە لـەسـەر بـەرتوێـژان (المبحـوثین)، واتـە ئەو ماوە گریمانەکراوەی کـە بەرتوێـژان ڕاگەیانـدنی کوردیی هـەرێمی کوردسـتان هەڵدەسـەنگێنن، کـەوا واقیعی ئێستایە (ساڵی 2019).

د. **بــواری شــوێن**: تــاوتوێکردنی ڕاگەیانــدنی کوردییــە لــە هــەرێمی کوردســتاندا، بــەڵام شــوێنی ژیانی بەرتوێژان، ناوەوەو دەرەوەی هەرێمە.

## 1-9: کۆمەڵو مشتەی توێژینەوەکە

کۆمـــەڵی ئـــەم توێژینەوەیـــە، بریتییـــە لـــە ڕاگەیاندنی کوردیی لە هەرێمی کوردستاندا.

ســـەبارەت بـــە مشـــتە (ســـامپڵ)ـــەکەیشی، ویستەمشـتە (عینـة قصـدية)ـیە و، ژمارەیـەك لـە هــەردو بــژاردەی (ئەکادیمســتانی بــواری زانســتە مرۆییو کۆمەڵایەتییەکانو روناکبیران)ـی کوردن لـە

نـاوەوەو دەرەوەی هــەرێمی کوردســتان. هۆکــاری دەستنیشانکردنی ئەم دوو بژاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ:

أ. بابەتی توێژینەوەکە و، بڕگـەو پرسـیارەکانی راپرســییەکە قــوڵو جــددینو وا پێویســتدەکات بۆچــونی بــژاردە (نوخبــە)و خــەڵکانی شــارەزاو بەئــەزمونو بــەئاگایان لــەبارەوە وەربگــیرێ و، دواتریش پێوانەبکرێن، نەك خەڵکی گشتی.

ب. ئەم دوو بژاردەیە لـە توێژینـەوەکانی بـواری راگەیاندنـدا بـە زمـانی کـوردی، کـەمـتر بـەمجۆرەو بەیەکەوە توێژینەوەیان دەربارە کراوە.

## 10-1: توێژینەوەکانی پێشوو

لێرەدا، پێویستە ئەو توێژینەوانە نمایش بکرێن، کە پێشتر لەلایەن توێژەرانی دیکەوە سەبارەت بـەم بابەتــەو لەســەر ئاســتی جیــاواز ئەنجامــدراون، وەکچــۆن، دواتــر لەســەر بنــەمای چەنـد پێـوەرێکی دیاریکراو لەگەڵ ئـەم توێژینەوەیـەدا بـەراوردبکرێن. بەڵام دەبێ ئەوە رونبکرێتـەوە، کـە توێـژەران هـیچ توێژینەوەیەکی زانستییان دەربـارەی "راگەیانـدنی

نیشتمانیی" لە هەرێمی کوردستان نە بە زمانی کوردیو نە بە هیچ زمانێکی تر دەستنەکەوت.

## 1-11: دیاریکردنی چەمكو زاراوەکان

لەم تەوەرەدا، مانای چەمكو زاراوە سەرەکیو زۆر بەکارهاتوەکانی نێو توێژینەوەکە روندەکرێنەوەو، مەبەستەکانییان وەکئەوەی لێرەدا هاتون، دیاریدەکرێن:

أ. **پێگە**: واتا شوێن، جێ، یان ئاستو بونی ئامراز، پرسو بابەتێکی دیاریکراو لە ژینگە، یان کۆمەڵێکی دیاریکراودا.

ب. **بایەخ**: مانای گرنگییو پێویستیی شت، شوێن، روداو، ئامراز یان پرسو بابەتێکی دیاریکراو بۆ ژینگە، مرۆڤ، شوێن، یان پرسو بابەتێکی دیکە دەگەیەنێت.

ج. **ئاستەنگ**: واتە لەمپەڕ، رێگری، کۆسپ لەبەردەم هێنانەکایەو گەشەپێدانی کارێك، هەوڵێك یان پرۆژەیەکی دیاریکراودا، کە بە جۆرێ لە جۆرەکان پەکیدەخات یان لانیکەم بۆ ماوەیەك دوایدەخات.

د. **دامەزراندن:** دروستکردن یان هێنانەئارای شت، شوێن، ئامراز یان دامەزراوەیەکی دیاریکراوە لە چێوەی دۆخێکی دیاریکراوو بۆ هێنانەدیی ئامانج یان ئامانجگەلی دیاریکراو.

ه. **راگەیاندن:** بریتییە لە دامەزراوەی راگەیاندن، کە کۆی ئامرازە (نوسراو، بیستراو، بینراو، ئەلیکترۆنیی و، کۆمەڵایەتیی)ـیەکان لە خۆبگریَ و، پەیامی جیاواز بە زمانو شێوازی جیاوازو لەسەر ئاستی جیاواز بڵاوبکاتەوە.

و. **راگەیاندنی نیشتمانیی:** مەبەست لە دامەزراوەی راگەیاندنی (نوسراو، بیستراو، بینراو، ئەلیکترۆنیی و، کۆمەڵایەتیی)ـە، کە بە شێوەیەکی وردو پلانبۆدانراو، بە گوتارێکی رۆشنی نیشتمانیی، لەژێر چاودێریی وردی پیشەیی و، لە رێگەی دەستەیەکی پیشەگەری نیشتمانییەوە کار لەسەر پەخشو بڵاوکردنەوەو وروژاندنو هێنانەبەرباسی هەمو ئەو پەیامە نیشتمانییانە دەکات، کەوا ناوەرۆکەکانیان بریتیین لە دۆزو پرسو بابەتە جیاوازەکانی هاوتەریب بە سودو بەرژەوەندیی گشتییو نیشتمانیی.

ز. **هـــــەرێمی کوردســــــتان:** ناوچـــــەیەکی جوگرافیاییە، دەکەوێتـە نێـو دەسـەڵاتی حکومـەتی هەرێمی کوردستان، خاوەنی حـوکمی فیدراڵییـە لـە چـێوەی کۆمـــاری عـــیراقو، لەلایـــەن حکومـــەتی عیراقـــەوە بـــە پشتبەســـتن بـــە دەقـــی دەســـتوری هەمیشـــەیی عـــیراق، دانـــی پێـــدانراوە (مـــادەی (113)ی دەستوری هەمیشەیی عیراق، 2005).

## بەشی دووەم: گەشەندنو ئاستەنگەکانی راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی (تیۆرینامەی توێژینەوەکە)

### 2-1: چـــــەمكو پێناســــــەی راگەیانـــــدنی خزمەتگوزاریی گشتیی:

راگەیانـدنی خزمـەتگوزاریی گشـتیی ( Public service media)، ئـەو راگەیاندنەیـە، کـە لەلایـەن خەڵکەوە دادەمەزرێو پشتیوانیی دارایـی دەکـرێو کۆنترۆڵدەکرێت و، لـەپێناو خەڵکیشـدایە. بـەجۆرێك دیزاینکراونو پلانیان بـۆ دانـراوە، کـە زانیـاریی بـە وەرگرانیــان بــدەن، تــاکو پــەروەردەیان بکــەنو هەروەها خۆشبارییان پێشکەش بکەن.

رێکخـــــراوی UNESCO پێناســــەیەکی بـــۆ پەخشــی خزمــەتگوزاریی گشــتیی کــردوە، کـــە بەمجۆرەیــە: پەخشــی خزمــەتگوزاریی گشــتیی، بریتیە لەو پەخشەی کە بۆ خەڵك دەکرێتو لەلایـەن سیستمی گشتییشەوە کۆنترۆڵـدەکرێو پشـتیوانیی دارایی دەکرێت. ئـەمجۆرە پەخشـە نـە بازرگانییـەو نــە بەتــەواوییش لەلایــەن دەوڵەتــەوە موڵکــداریی دەکرێــت. ئــازادو بــەدورە لــە دەســتتێوەردانی

سیاسییو گوشاری هێزە بازرگانییەکانیش. لە ڕێگەی پەخشی خزمەتگوزارییەوە، هاوڵاتیان پەروەردەدەکرێن، فێردەکرێنو زانیارییان پێدەدریٚو هەروەها خۆشبارییان پێشکەشدەکرێت. کاتێك فرەیی، هەمەڕەنگیی لە پرۆگرامەکانی، سەربەخۆیی گوتارو بابەتەکانی، پشتیوانییەکی باشی داراییو هەروەها شەفافیەتیی بۆ مسۆگەر بکرێت، ئەوکاتە پەخشی خزمەتگوزاریی گشتیی دەتوانێت ببێتە بەردی بناغەی دیموکراسیی (Banerjee & Seneviratne, 2006).

ئەمجۆرەی راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی، بە زۆریی لە ڕێگەی یاساوە دادەمەزرێن، بەڵام حزبیی نیین، سەربەخۆنو بۆ قازانجیی سەرجەم کۆمەڵ بەڕێوەدەبرێتو کاردەکەن. بوونی راگەیاندنێکی خزمەتگوزاریی گشتیی بەهێزو باشو پشتیوانییکراو لە روی داراییەوە، بەردی بناغەی کۆمەڵە دیموکراتەکانو، هەروەها بەوەش دەبەسترێتەوە کە رادەیەکی زیاتر لە ئازادیی رۆژنامەنوسیی هەیە، رادەیەکی کەمی باڵی راسترەوی توندرەو، هەروەها کۆنترۆڵکردنێکی باشتری گەندەڵییش هەیە. لە سەردەمی ئەمڕۆدا،

لەگـــەڵ زیـــادبون و بـــەربڵاوبونی هـــەواڵی ســـاختەو گوتـــاری رقوکینـــەئامێزیش لـــە جیهانـــدا، بـــونی سەرچاوەیەکی سـەربەخۆو متمانـەپێکراوی هـەواڵ و زانیـاریی، لـە هـەمو کاتێك زیـاتر گرنگـە ( EBU, 2018).

ماڵپـەڕی (Public Media Alliance, 2017) پێناســـەی راگەیانـــدنی خزمـــەتگوزاریی گشـــتیی دەکـــــات، کـــــە راگەیانـــــدنێکی هاوبەشـــــی فرەسەکۆی پەیوەندیـدار، متمانـەپێکراوو بێلایەنـە. بـونی ئـەمجۆرە راگەیاندنـە شـتێکی بنەڕەتییـە بـۆ دیموکراســـییەکی کـــاراو هۆشـــیارو، پێویستیشـــە ئەوجۆرە راگەیاندنە بۆ هـەمو هاوڵاتیـان بەردەسـت بێت و هەروەها قابیلی لێپرسینەوەش بێت.

راگەیانـــدنی خزمـــەتگوزاریی گشـــتیی، هـــەمان رۆحـی بنـەڕەتیی پەخشـی خزمـەتگوزاریی گشـتیی هەیـــە، بـــەڵام ئـــەوەی زیـــاترە کـــە ئـــەو توانایـــە دەبەخشێت بە کەناڵەکانی خزمەتگوزاریی گشتی بۆ ئـەوەی لـە رێگـەی سـەکۆی راگەیانـدنی تریشـەوە، واتـا جگـە لـە کەناڵـەکانی پـەخش، پەیامـەکانیان بگەیەننە وەرگران. لە سەردەمی راگەیانـدنی نوێـدا، سەکۆکانی راگەیاندن هاوتـەریب لەگـەڵ کەناڵـەکانی

رادیۆو تەلەڤزیۆن پێشکەوتونو ئەو هەلەیان بۆ کەناڵەکانی راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی رەخساندوە تا ببنە دامەزراوەی فرەسەکۆی راگەیاندنی گشتیی. ئەمڕۆ لە سەرتاسەری دنیادا کەناڵەکانی پەخشی خزمەتگوزاریی گشتیی بۆ گونجان لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەی لە جیهانی راگەیاندندا هەیە کاردەکەن ( Public Media Alliance, 2017).

**2-2: راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی یان راگەیاندنی نیشتمانی: سەرهەڵدانو گەشەکردن**

سەردەمی نوێی راگەیاندن، کە تێیدا بڵاوکردنەوەی هەواڵو زانیاریی زۆر فراوانو پرۆسەیەکی گەورەیە، پێویستیی بە سەرکردایەتییکردنو رێبەرییکردن هەیە بۆ باشترکردنی تاکەکان لە روی بەهاکان، هاوسۆزییو بیرکردنەوە لەوانیترو لە هەموشی زیاتر پابەندبون بە بەها رۆحییەکان (Bora, 2018).

لە جیهانی رۆژئاوادا، پەخشی خزمەتگوزاریی گشتیی، بۆ ئەوە هاتەئاراو گەشەیکرد تا پابەندییو ئەرکەکانی بەرامبەر بە بەرژەوەندیی گشتیی

جبێبەجێ بکات، وەك رومـاڵی روداوەکـانی جیهـان، جەختکردنەوە لە دەقی نیشـتمانیی، پابەنـدبون بـە سـتانداردەکانی رۆژنامەگەرییـەکی بێلایـەن‌و، هـەروەها بانگەشـەکردنی گروپـی کەمینـەکان (Brevini, 2015).

جـاران، ئـەو سـەردەمەی کـە تـەنها لـە رێگـەی پەخشی رادیۆیی‌و دواترییش پـەخشـی تەلـەڤزیۆنیی خزمەتگوزاریی گشتیی پێشکەشی هاوڵاتیان دەکرا، ئەو پرۆسەیە پێیدەگوترا (پەخشـی خزمـەتگوزاریی گشـتیی)، چـونکە لـە رێگـەی پەخشـەوە پـەیام‌و زانیارییـەکان دەگەیشـتنە هاوڵاتیـان، بـەڵام لەگـەڵ سـەرهەڵدانی ئینتـەرنێت‌و پێشـکەوتنەکانی تەکنـەلۆجیای نـوێی راگەیانـدن‌و زۆربـونی ئـەو پلاتفـۆرم‌و ئـامرازە ئۆنلاینانـەی کـە بـۆ پێشکەشـکردنی خزمـەتگوزاریی گشـتیی بـەکاردەهێنرێن، پرۆسـەکە تـەنها پەخشـی تێپەڕانـدوەو ئێسـتا چـەمکەکەش گـۆڕاوە بـۆ (راگەیاندن یان راگەیاندنی خزمـەتگوزاریی گشـتیی) (Public Media Alliance, 2017).

لـە روی مێژوییـەوە، پەخشـی خزمـەتگوزاریی گشـتیی (Public Service Broadcasting-

PSB) ئەركی پـەروەردەیی‌و كـەلتوریی هـەبوە بـۆ بەهێزكردنی بەشداریی هاولاتیان لە كۆمەڵدا. لێرەدا گرنگیشـە ئـەو راسـتیە وەبیربهێنینـەوە، كـە هـەر سیسـتمێكی پەخشـی خزمـەتگوزاریی گشـتیی بـە گـوێرەی بنـەما دیـاریكراوو جیـاوازە كـەلتوری، مێـژوویی‌و نەریتـە سیاسـییەكانی ئـەو نەتەوەیـەی تێیدا دامەزراوە، گەشەیكردوە (Brevini, 2015).

بـەگوێرەی (Jakubowicz, 2008) سیسـتمەكانی پەخشـی خزمـەتگوزاریی گشـتیی، بـەپێی سـێ مـۆدێلی سـەرەكی پێكهـاتوەو گەشـەیانكردوە، هـەر یـەكێك لـەو مۆدێلانـە رەنگدانەوەی بـارودۆخێكی سیاسـی‌و كۆمەڵایـەتیی دیـاریكراوە بـەجۆرێك كـە هەرسـێكیان رون‌و ئاشـكران: مـۆدێلی پاتێرنالیسـتیك (Paternalistic)، كـە بـەمانای كردارێـك دێـت بـۆ دانانی سنورێك بۆ ئازادیی یـان ئۆتۆنـۆمیی كەسێك یان گروپێك، مۆدێلی دووەمیش بریتیـە لـە ئـازادیی یـان ئـازادیخوازیی دیموكراسـییانە ( Democratic emancipatory)و هـەروەها دوایـین مـۆدێلیش بریتیـە لـە مـۆدیلی سیسـتماتیك. مـۆدێلی یەكـەم (پاتێرنالیسـتیك) ئامـاژە بـە سـەرهەڵدانی

دامـــەزراوەکانی پەخشـــی خزمـــەتگوزاریی گشـــتیی دەدات لـــە وڵاتـــەکانی وەك کەنـــەدا، ئوســـترالیاو شانشـــینی یـــەکگرتو (بریتانیـــا) لـــە ســـاڵانی 1920ەکانو 1930ەکاندا. لەم گروپەدا پەخشی خزمـــەتگوزاریی گشـــتیی، وەك دامەزراوەیـــەکی سەربەخۆ گەشـەیانکرد کـە مەبەسـت لێیـان یـاخود پێویست بو لەسەریان وەڵامێك پێشکەش بکـەن بـۆ بابــەتی دیــاریکراو لــە شــێوەی (پــەروەردەکرنو خۆشباریی یان کاتبەسەربردن)، بەمشـێوەیە لـەنێو کۆمەڵەکانیانـــدا رۆڵێکـــی مـــۆراڵی، کـــەلتوریو سیاســـییان بـــینی ( Jakubowicz, 2008; Hammer and Agnes 2013; Brevini, 2015) .

مـــــۆدێلی دووەم، کـــــە ئـــــازادیخوازیی دیموکراســـــییانەیە، ســـــەرهەڵدانی پەخشـــــی خزمـەتگوزاریی لـە وڵاتـانی وەك فرەنسـا، ئیتاڵیـاو نەمسا لە سـاڵانی 1960و 1970کانـدا، بـەوجۆرە وەسفدەکات، کـە راگەیانـدنی پەخشـی دەوڵـەت بـە چـــەند گۆڕانکارییـــەکی بنەڕەتیـــدا تێپـــەڕیون تـــا پرۆفێشناڵ کراونو بونەتە دامەزراوەی سەربەخۆ.

مۆدێلی سێیەمیش، کە مـۆدێلی سیسـتـەماتیکە، لـــەو وڵاتانــــەدا پـــەیڕەوکراوە کـــە لـــە دۆخـــی گواستنەوەدا بون بەرەو دیموکراسیی، دوای ئەوەی ماوەیـەکی زۆر لـەژێر حـوکمڕانیی تۆتالیتارییاییـدا بـون، ئەمــەش چــەند وڵاتێـك دەگرێتــەوە، وەکــو یۆنــان، ئیسـپانیاو پورتوگــال. ئەمانــە لــە ســاڵانی 1970کانـــــدا ئــــەمجۆرە مۆدێلــــەی پەخشـــی خزمەتگوزارییان تێدا پەیڕەو دەکرا، بەڵام وڵاتێکی وەکو ئـەڵمانیای رۆژئـاوا لـە دوای جـەنگی دووەمـی جیهانیو هـەروەها ئـەفریقیای باشـوریش، لـە دوای سیاسەتی ئاپارتایدا، ئەم مۆدێلەیان تێدا پەیڕەوکرا (Brevini, 2015).

ســـەرهەڵدانو گەشەســـەندنی دامـــەزراوەکانی پەخشــی خزمــەتگوزاریی گشــتی، بــۆ دەیــان ســاڵ رۆڵێکی دیاری بینی لە ژیانی دیموکراتیانەی وڵاتانی رۆژئـــاوای ئـــەوروپا. ئـــەركو رۆڵێکـــی وا دیـــارو بەرچاویان گێڕا، کـە لەلایـەن هـەمو دامەزراوەیـەکی ئەوروپاوە جەختیان لەسەر کرایەوەو دانیان پێـدانرا (Brevini, 2015). دیارترین دامـەزراوەی پەخشـی خزمـــەتگوزاریی گشـــتیی لەجیهانـــدا، کۆمپانیـــای BBC (کۆمپانیای پەخشی بریتانیی)یە کە لـە18ی

تشرینی یەکەمی 1922 لەلایەن گروپێك لـەخاوەن کارگــەو پیشــەوەرانی پێشــەنگی دروســتکردنی ئـامێری بێتــەل، لەنێویانـدا مـارکۆنی، دامــەزراو، پەخشــی رۆژانــەی رادیۆکــەش لــە 14ی تشــرینی دووەمــی هــەمان ســاڵ لــە مـاڵی مـارکۆنی–ەوە لـە لەنـدەن دەسـتی پێکـرد. دەسـتپێکردنی پەخشـی رادیــۆیی BBC دوای ئــەوەهات، کــە چــەندین وێســتگەی رادیــۆیی ناپرۆفێشــناڵ کــەوا پێشــتر پەخشـیان دەکـرد داخرابـون، ئـیتر ئـەوەبو BBC دوای چـەندین مشـتومڕ، دەسـتی بـە پەخشـکردنی هــەواڵ کــرد، کــە لــە رێگــەی ئاژانســێکەوە بــۆی دابینـــدەکراو، هـــەروەها درامـــای مۆســـیقاییو گفتوگۆشی تەنها بۆ چـەند سـەعاتێکی کـەم رۆژانـە پەخشو پێشکەشدەکرد. لەسەرەتاشدا کۆمپانیاکـە کاری دابینکردنی پەخشی رادیـۆیی بـو کـە لەلایـەن کۆمپانیــای بەرهــەمهێنانی رادیــۆوە خاوەنــدارێتی دەکـــراو ســـاڵی 1927یـــش وەك پەخشــــی خزمــەتگوزاریی گشــتیی لێهــات (BBC, 2017). جـۆن رەیـت (John Charles Walsham Reith) کــە ئەنــدازیارێکی گــەنجی تەمــەن (33) ســاڵەی سـکۆتلەندی بـو، لـە14ی کـانونی یەکـەمی 1922

وەك يەكــەم بەڕێوەبــەری گشــتیی کــەناڵی BBC دەستبەکاربو، دواتـریش کاتێـك خاوەندارێتییەکـەی لە کـەرتی تایبەتـەوە بـوە کـەرتی گشـتی، ئـەو بـە بەڕێوەبەری گشتیی مایەوە. ناوبراو خزمـەتگوزاریی گشـتیی بەمشـێوەیە پێناسـەکردوە: "بـە پلـە یـەك سـتانداردو تێڕوانینێـكو هــەروەها بــە پلــە دووش شـێوازێکی بەڕێوەبردنــە" (Collins, 2010; BBC, 2017).




Figure1 : John Charles Walsham Reith Source:BBC

یەکەم بەڕێوەبەری گشتی رادیۆی BBC



ئـەمڕۆ BBC کـە تەمـەنێکی درێـژو پێگەیـەکی سـەنگینی هەیـە لـە بریتانیـا، لـە رێگـەی پەخشـی تەلەڤزیۆنیو رادیۆیی چـەندین کەناڵـەوەو هـەروەها لە رێگـەی ماڵپـەڕی ئۆنلاینـەوە، دەقـی راگەیانـدنی بێلایـەنو متمانـەپێکراو، پرۆگرامـی بەرهـەمهێنراوی

بريتانیو دەقی ناوازە پێشکەشی وەرگرانی دەکا (Ofcom, 2018).



Figure2 : Arthur Burrows Source: BBC

یەکەم پێشکەشکاری هەواڵ لەڕادیۆی BBC



Figure3 : The first BBC outside broadcast van; Source:BBC

یەکەم ئۆتۆمبێلی پەخشی دەرەکیی BBC

هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی رەسمی، راگەیاندنی نیشتمانیی یاخود خزمەتگوزاریی

گشـــتیی نییـــە، کـــە بەرژەوەندییـــە حزبییـــەکان‌و بازرگانییـــەکان تێپـــەڕێنێت‌و لـــە بەرامبەرییشـــدا زۆربەی کەناڵ‌و دامـەزراوەکانی راگەیانـدن حزبیـی‌و بازرگـــانین، کـــە بەشـــێوەیەکی گشـــتی، چـــەند حاڵـــەتێکی لێدەرچـــێت، کاریگەرییـــەکی نـــەرێنیی (نێگەتیڤ)یان لەسەر وەرگران هەیە. ئەگەر تێبـینی راگەیانـــدنی بینـــراوی کـــوردی بکـــەین، دەبیـــنین کەناڵـەکانی تەلـەڤزیۆن بـە جیـاوازیی بەشـەکانیان، کاریگەرییەکانیان سنوری کوردستان تێناپـەڕێنێت‌و بە تەنها ئاڕاستەی شەقامی کوردیی کراوە، راسـتە هەنـدێك کـەناڵی کـوردی هـەوڵیان داوە بـە زمـانی عـەرەبی لەگـەڵ شـەقامی عـەرەبی بـدوێن، بـەڵام ئـەوانیش بـەهۆی ئـەوەی نـەیاتوانیوە لـە قـاڵبی حزبیبـون‌و بازرگـانیی دەرچـن، بۆیـە لـەمڕوەوە شکستیان هێنـاوە. ئەگـەر بێتـو ئـیرادەی راسـت‌و دروست‌و پشتیوانیی دارایـی هـەبێت، ئـەوا ئەسـتەم نییـە دەزگایـەکی راگەیانـدنی کوردسـتانیی گـەورە دابمەزرێنرێت، کەوا ژمارەیـەك لـە کـەناڵ‌و ماڵپـەڕی ئـەلیکترۆنی‌و رۆژنامـە لـەخۆبگرێت‌و سیاسـەتێکی نیشـــتمانییانە بگرێتەبـــەرو کـــاری وەڵامدانـــەوەی

گومـــانو تۆمەتـــەکان بێـــت کـــە لـــە دژی کـــورد بڵاودەکرێنەوە (درباس، 2018).

دەکرێـت بڵـێین دوو بۆچـونی جیـاواز هـەن لـە کوردستاندا لەسەر ئـەو جـۆرە ڕاگەیاندنـە گشـتیەی کـــە بابـــەتی ئـــەم توێژینەوەیـــە. بۆچـــونێك بـــە "ڕاگەیانـدنی نیشـتمانیی" یـان "ڕەسمیـی" نـاوی دەبـا، کـە ئـەم زاراوەیـە نـەك هـەر لـە کوردسـتان، بـــەڵکو لـــە بەشـــێك لـــە وڵاتـــانی جیهـــانی ســـێو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەربڵاوەو لەبری ئەو پـەخش یان ڕاگەیاندنی خزمەتگوزارییە گشـتییە بـەکاردێت، کـــەوا لـــە زۆربـــەی وڵاتـــانی ئـــەوروپاو جیهـــانی پێشـــــکەوتودا هەیـــــە. بۆچـــــونی دووەمـــــیش تێڕوانینەکـەی بـۆ ئـەو جـۆرە ڕاگەیاندنـە گشـتییە ئەوەیـــە، کـــە هـــەمان ســـتایڵی جیهـــانی وڵاتـــانی پێشـــــکەوتو بێـــــتو ڕاگەیانـــــدنێك بێـــــت کـــــە خزمـەتگوزاریی گشـتیی پێشـکەش بـە تاکـەکانی کۆمەڵ بکات.

سـەبارەت بـە بۆچـونی یەکـەم، کـە نمونـەی ڕاگەیاندنـە گشـتییەکەی وڵاتـانی جیهـانی سـێی کردۆتـە بنـەما، پێیوایـە کوردسـتان پێویسـتیی بـە ڕاگەیاندنێکی سەر بەدەوڵەت هەیـە، کـەوا کۆمـەڵێك

ئـەرکی نیشـتمانی بەجێبگەیـەنێت وەك: ناسـاندنو بوژاندنەوەی کەلتور، رێکخستنو یەکخستنی زمـانی کــوردیی، کــارکردن لەســەر هەســتی نەتــەوەیی، کارکردن لەسەر ئـارامیی کۆمەڵایـەتی، پێشخسـتنی هونـەرو سـینەما، روبەڕوبونـەوەی شـاڵاو هـەژمونی کــەلتوریی بیــانیو چــەندینی تــریش، کــە رەنگــە بەشـێکیان خزمــەتگوزاریی گشـتیی بــن. پاســاوی هــەڵگرانی ئــەو بۆچــونە ئەوەیــە، بــەهۆی ئــەوەی بـــــارودۆخو سیســــتمی سیاســــیی، کــــەلتوریو جیۆپۆلـەتیکی کوردسـتان لـە وڵاتـانی پێشـکەوتو جیـاوازە و هێشـتا کوردسـتان کۆمــەڵێك ئامـانجی نەتــەوەیی مــاوە پێــی بگــات، بۆیــە وا باشــترە راگەیانـدنێکی نیشـتمانیی یـان رەسمیـی هــەبێت، تــاکو بتوانێــت پاڵپشــتو یاریــدەدەر بێــت بــۆ دروســتکردنو بنیاتنــانی وڵاتو نەتــەوە، لــە بــری ئــەوەی تــەنها کــار بکــات بــۆ پێشکەشــکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی.

ئەمجۆرە راگەیاندنە گشتییە "نیشـتمانییە"، لـە کوردستاندا لە قۆناغو شوێنی جیـاواز (وەکـو نـاو و بـە شـێوەی سـەرەتایی) بونیـان هـەبوە (لەسـاڵانی نــەوەدەکانی ســەدەی رابــردو و دەیــەی یەکــەمی

سەدەی بیستویەك)، بەڵام هیچ كامێك لەو پڕۆژانە سەركەوتو نەبون، بە بەڵگەی ئەوەی، كە لە سەردەمی ئامادەكردنی ئەم توێژینەوەیەدا هیچ كامێك لەو راگەیاندنە گشتییانە، كە بە راگەیاندنی نیشتمانیی یان رەسمیی ناسراوبون، لەسەر شانۆی راگەیاندنی كوردستاندا نەماون. وەك لە دەقی راگەیاندنی هەمو ئەو كەناڵە گشتییانەش دەردەكەوێت، ئەركی یەكەمیان گرنگیدان بوە بە حكومەتی هەرێمی كوردستانو دامەزراوەو فەرمانگە جۆراوجۆرەكان، پڕۆژەو چالاكییەكانو هەڵبژاردنو هەروەها هەمو ئەو بابەتانەی كە لەخانەی بەرژەوەندیی حكومەتی هەرێمو ئەزمونەكەیدا بوە، ئەمجۆرە راگەیاندنە هەمو شێوازو فۆرمەكانی راگەیاندنی لەخۆگرتبو، چ تەلەڤزیۆن، رۆژنامەو رادیۆ. بۆ نمونە رۆژنامەی (هەرێم)، یەكێك بو لەو كەناڵە چاپكراوانەی كە وەك راگەیاندنێكی رەسمییو تارادەیەك نیشتمانیی كاریدەكرد، گۆڤاری (هەرێم)و رادیۆكانی (هەرێمو نەورۆز)و هەروەها تەلەڤزیۆنی (نەورۆز)یش كە تەمەنیان كورت بون، هەمویان هەمان سیاسەتو گوتاری نیشتمانییان هەبوەو تا رادەیەكی زۆریش

وەك راگەیانـــدنێك بـــۆ نیشـــتمان كاریـــان كـــردوەو خۆیان ناسـاندوە. جگـە لـە بڵاوكردنـەوەی هـەواڵو چـالاكیو پـڕۆژەو كـارە خزمەتگوزارییـەكانی، كـەوا حكومـــەتی هـــەرێم ئـــەنجامی دەدانو هـــەروەها بایەخـدان بـە دەستكەوتەكانی راپـەڕین، ئـەوجۆرە راگەیاندنانـە هەمیشـە ئـەو كارەسـاتو جینۆسـایدو هـــەروەها زوڵـــمو ســـتەمی دوژمنـــانی بەرامبـــەر بـــە كوردی وەبیری وەرگـری كوردسـتانی هێناوەتـەوە. لـــە پـــاڵ ئەوانەشـــدا وەك لایـــەنگرێكی ســەرســـەختی حكومەتی هەرێم، ئـەوجۆرە راگەیاندنـە رەسمییانـە یـان نیشـتمانییانە زۆرجـار هەنـدێك خزمـەتگوزاریی گشـــتییان پێشكەشـــی هاوڵاتیـــان كـــردوە، بـــە تایبـــەتیش لـــە بـــواری نرخـــی كەلوپـــەلو دراو لـــە بـازاڕدا، هـەروەها خسـتنەڕوی كێشـەی هاوڵاتیـانو ئەو بڕیارو یاساو رێنماییانـەی لەلایـەن حكومەتـەوە دەردەچـونو پەیوەنـدییان بـە خەڵكـەوە هـەبوەو چەندینی تریش. هەمو ئەو كەناڵانەش بـە رەسمیـی بودجـەیان لـە حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتانەوە وەرگرتوە.

دۆخـی هـەرێمی كوردسـتان لـەو روەوە لـە هـی عـیراق جیـاوازەو، دەكـرێ بڵـێین عـیراق جۆرێـك لـە

ڕاگەیاندنی نیشتمانیی هەیە، کە خۆی لە (تۆڕی ڕاگەیاندنی عیراق)دا دەبینێتەوەو، لەلایەن دەوڵەتەوە پشتیوانیی دارایی دەکرێتو چەندین کەناڵی بینراو، بیستراو چاپکراوی تایبەتمەند لەخۆدەگرێت، وەك ڕۆژنامەی (ئەلسەباح)، ئاژانسی هەواڵیی (عیراق)، کەناڵی تەلەڤزیۆنیی (ئەلعیراقیەی گشتی، ئەلعیراقیەی وەرزشی، ئەلعیراقیەی کوردی)و چەندینی تر.

لە ئێستاشدا، دوای نەمانی کەناڵی چاپکراوو پەخشی گشتییو ڕەسمیی حکومەت لە هەرێمی کوردستاندا، ئێستا ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان (وێبسایتەکان) ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، وەك ڕاگەیاندنی ڕەسمیی بۆ زۆربەی دامودەزگاو فەرمانگەو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم. ئەو ماڵپەڕانە ماڵپەڕی ڕەسمیینو ڕەنگدانەوەی ئەو دامەزراوە حکومییانەن کە بەڕێوەیدەبەنو پشتیوانیی داراییان بۆ دابیندەکەن، بەڵام بەشێکیان، بە تایبەتی ئەوانەی کە سەر بە دامەزراوەو فەرمانگەی خزمەتگوزاریی گشتین، لە بوارەکانی خۆیاندا، واتا بەپێی پسپۆڕیی کاری فەرمانگەکە، خزمەتگوزاریی گشتیی پێویست

پێشکەشـــی هاوڵاتیـــان دەکـــەنو زانیارییـــان پێدەبەخشن. واتا دەکرێ بڵێین، لـە هەنـدێ رووەوە هەنــدێ کــەناڵی ئــۆنلاینی رەسمیــی ســەر بــە دامــەزراوەو فەرمانگــە حکومیــەکان هــەن، کــە هەریەکـەیان لـە بوارەکـەی خۆیانـدا خزمـەتگوزاریی پێشکەشـدەکەن. نـەك هـەر ماڵپـەڕی ئـەلکیترۆنی، بەڵکو وێستگەی رادیۆییش یەکێکی ترە لەو کـەناڵی راگەیاندنــــە جەماوەرییانــــەی کــــە چــــەند دامودەزگایەکی حکومەتی هەرێم پشتی پێدەبەستن بــۆ پێشکەشــکردنو بڵاوکردنــەوەی بەشــێکی دیــاریکراو لــە خزمــەتگوزاریی گشــتیی، بــەپێی تایبەتمەندێتیی ئەو دامەزراوەیـە یـان فەرمانگەیـەی لە پشتیەتی. بۆ نمونـە پێشـتر وەزارەتـی نـاوخۆی هەرێم جگە لە ماڵپەڕێکی رەسمی، رادیۆیەکی هـەبو بەناوی (رادیۆی نـاوخۆ)، بـەڵام دواتـر ئـەو رادیۆیـە داخـراو کـرا بـە (رادیـۆی ترافیـك)، کـە رادیۆییـەکی تایبەتمەنـدە بـە بـواری هاتوچـۆ لـە کوردسـتانو لەلایـەن بەڕێوەبەرایـەتیی هاتوچـۆی سـلێمانییەوە بـــــەڕێوەدەبرێتو سەرپـەرشــــتیی دەکرێــــتو پشتیوانیی داراییش دەکرێت (هاتوچـۆی سـلێمانی، 2016). لـەو رادیۆیـەدا، رۆژانـە خزمـەتگوزاریی

زانیاریی تایبەت بە هۆشیاریی هاتوچۆو ئۆتۆمبێلو چەندین لایەنی تری پەیوەندیدار بۆ هاوڵاتیان پەخشدەکرێن.

لە کوردستاندا، سەرباری نەبونی دامەزراوەیەکی راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتییش، کەناڵەکانی تری راگەیاندن کە زۆربەیان سەر بەحزبەکانن، نەیانتوانیوە ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوەو هاوشێوەی پەخش یان راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی کاربکەنو خزمەتگوزاریی پێشکەش بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە پێیانوایە، کە دامەزراندنی دەزگایەکی راگەیاندنی نیشتمانیی کارێکە زۆر بایەخی هەیەو زۆر پێویستییشە بۆ هەرێمی کوردستان، لەبەر کۆمەڵێك هۆکار، کە گرنگترینیان بریتییە لە: چونکە پێویستییەکی نیشتمانییە، پێویستییەکی راگەیاندنە، پێویستە بۆ روبەڕوبونەوەی گەندەڵیی، پێویستییەکی نەتەوەییەو، هەروەها پێویستیی فەرهەنگیو کەلتورییەو پێویستییشە بۆ سەقامگیریی سیاسییو ئاساییشی نیشتمانییش (بڕوانە بەشی سێیەم).

لــه روی یاساییشــەوه، پەرلــەمانی کوردســتان ساڵی 2013 یاسـای ژمـاره (11)ی دەرکـرد، کـه تایبەته به مافی دەستکەوتنی زانیـاریی لـه هـەرێمی کوردسـتاندا. ئـەم یاسـایه دەسـتکەوتنی زانیـاریی وەك مافێـك بـۆ هاوڵاتیـان دانـاوەو لــه مــاددەی چوارەمیدا هاتوه:

"هەمو کەسێك چ سروشتی بێـت یـان مەعنـەوی مـافی ئاگـاداربونو بەدەسـتهێنانی زانیـاریو چـەند دانەیـــەك لـــەو دۆکیۆمێنتانـــەی هەیـــه، کـــه لـــه دامودەزگاکان داوای دەکات بەدەر لەو زانیارییانەی کـــه بـــەگوێرەی مـــاددەی (14) ئـــەم یاســـایه رێکخراون" (پەرلەمانی کوردستان، 2013).

هــەروەها لــه مــاددەی شەشەمیشــدا، ئــەوەی سەپاندوه که هەمو دامودەزگایـەکی گشـتیی دەبـێ ساڵانه لەڕێگـەی رێبەرێکـەوه یـان لەسـەر ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنی خۆی به راپۆرتێك ئەو زانیارییانـەی کـه له خوارەوەدا هاتون، بڵاویان بکاتـەوه یـان نوێیـان بکاتەوه (پەرلەمانی کوردستان، 2013):

1- پەیکەرەکـــەی، ناونیشـــانو ماڵپـــەڕە ئەلیکترۆنیەکـــەی، رێگاکـــانی پەیوەنـــدییکردن پێیـــەوه، رێکارەکـانی بەدەسـتهێنانی زانیـاریی،

ئەركــــەكانی، بڕیارەكـــــانی، ڕێوشـــوێنەكانی دامەزرانـــــدن، بەرپرســــەكانیو ناونیشـــانە وەزیفییەكانیان.

2- بودجـــەو تـــەرخانكراوەكانی، حیســـابە كۆتاییەكەی.

3- پـڕۆژە جێبـەجێكراوەكانی، ئـەو پڕۆژانـەی لـەباری جێبەجێكردنـدان، ئـەو پڕۆژانـەی بڕیـارە جێبەجێ بكرێن.

4- ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشكەشی دەكاتو ڕێگەی بەدەست هێنانیان.

5- ئـەو سـكالآیانەی پێشكەشـكراونو ئـەو ڕێوشوێنانەی لەبارەیانەوە وەریگرتون.

## 3-2: پایـــە (ڕەگـــەزە) ســـەرەكییەكانی ڕاگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی

بۆئـەوەی دڵنیـابین لـەوەی دامـەزراوەكانی ڕاگەیانـدنی خزمـەتگوزاریی گشـتیی ڕاسـتگۆو جێمتمانەن، پێویستە ئەو دامەزراوانە بە شـێوازێكی شەفافانە بەڕێوەببرێنو كاربكەن، هەروەك دەبێ بە تـەواوی لەبـەردەم هاوڵاتیانـدا قـابیلی لێپرسـینەوە بن.

دامەزراوەکانی راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی، پێویستە زەمینە خۆش بکەن بۆ هاوڵاتیان، کە دەستیان بە دەقی ئازاد بگات، سەربەخۆو پەیوەندیدارو، کاردانەوەشیان لەگەڵدا هەبێت، جا ئەو هاوڵاتیانە لەناوچە دورەدەستەکان بن یاخود لەناو ژینگەی شارەکاندا، بێڕەچاوکردنی بارو حاڵەتی تەکنەلۆجی یان ئابورییان. بەگوێرەی (Public Media Alliance, 2017)، ئەمجۆرە راگەیاندنە (راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی)، ژمارەیەك پایەی سەرەکیی هەیە، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

**1– لێپرسینەوە:**

لێپرسینەوە پایەیەکی سەرەکییە بۆ بەردەوامیدان بە فەزایەکی راگەیاندنی گشتیی هاوبەشی راستگۆو متمانەپێکراو. دامەزراوەکانی راگەیاندنە گشتییەکان یان راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی بەوە جیادەکرێنەوە، کە بەشێوەیەکی سەرەکیی قابیلی لێپرسینەوەن لەبەردەم هاوڵاتیاندا، کەوا وەك ئەوەیە خاوەن پشکی ئەو دامەزراوە بن، نەك بەرژەوەندییە بازرگانییەکان، یان دەوڵەت.

## 2- بەشداریی هاوڵاتیان:

لەپێناو مانەوەو گەشەکردن لە سەردەمی راگەیاندنی دیجیتاڵیدا، پێویستە پەخشکارانی خزمەتگوزاریی گشتیی رۆڵی کلاسیکیی خۆیان لە پەخشکاری (سەرەوە بۆ خوارەوە) بگۆڕن‌و، بەتەواوی ببن بە دامەزراوەی راگەیاندنی گشتیی فرەپلاتفۆرم‌و تەواوکەر. هەردو جۆری پەخشی تەلەڤزیۆنی‌و رادیۆیی، کرۆکی سەرەکیی بۆ هەر دامەزراوەیەکی راگەیاندنی گشتیی دابیندەکەن.

دەستگەیشتن بە زانیاریی بۆ سەرجەم هاوڵاتیان پێویستە مسۆگەر بکرێت. بابەتی جێندەرو فرەیی پێویستە بە شێوەیەکی وردو ژیرانە پتەوبکرێن‌و رەنگیش بداتەوە لەو جۆرە راگەیاندنە گشتییانەدا. رۆڵێکی هەمیشەیی راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی بریتییە لە پشتیوانییکردنی فرەکەلتوری‌و فەرهەنگیی لە رێگەی دەستنیشانکردن‌و سەرپەرشتییکردن‌و گەشەپێدانی توانستی داهێنەرانەی ناوخۆیی‌و هەرێمایەتیی.

تەواوکاریی دیجیتاڵییش، لایەنێکی سەرەکییە بۆ بەردەوامبونی راگەیاندنی گشتیی. رۆڵێکی رون‌و

ئاشکرای راگەیاندنی گشتیی ئەوەیە، کە داهێنان بکاو رێژەی ئەو خەڵکە زیاد بکات کە لەڕێگەی ئۆنلاینەوە خزمەتگوزاریی گشتیی حکومیی نێو کەناڵەکانی تری راگەیاندن بەکاردەهێنن. لە ژینگەیەکی پێشکەوتو و ئاڵۆزی راگەیاندنی دیجیتاڵیدا، دامەزراوەکانی راگەیاندنی گشتیی پێویستە رۆڵی سەرەکیی بگێڕن لە ئاسانکردنو تواناداان بە وەرگران، کە شارەزا بن بە کەلتوری راگەیاندن.

متمانە، بەهاو بەرژەوەندیی گشتییش، زۆر گرنگن بۆ بەدەستهێنانی سەرنجو پشتیوانیی جەماوەرو، بۆ ئەم مەبەستە راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی دەبێ رێگە بە بەشداریی هەمو جۆرە وەرگرێك بداتو متمانەیان لەلا دروست بکات (Public Media Alliance, 2017).

### 3– پشتیوانیی دارایی:

شێوازو مۆدێلەکانی پاڵپشتیی داراییی دامەزراوەکانی راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی دەگۆڕێن، بەڵام ئەو رەگەزەی کە بۆ هەمویان سەنتەرە ئەوەیە، کە لە بودجەی گشتییەوە لایەنی داراییان بۆ دابیندەکرێت. ئەمەش بە زۆریی یان لە

ڕێگەی تەرخانکردنی بڕێکی دیاریکراوی بودجە لە داهاتــــە گشـــتییەکانی حکومـــەتو دەوڵەتـــەوە تەرخاندەکرێت، یان بە زۆریـی لـە ڕێگـەی ئـەو بـڕە پارانەوە دەبێت، کە لـە بەکارهێنـەرانی کەناڵـەکانی خزمـەتگوزاریی گشـتیی وەردەگیرێـن، بـە تایبـەتی تێچــوی مۆڵــەت. جگــە لەوانــە، دامــەزراوەکانی ڕاگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشـتیی، بـە هەمانشـێوە کورتهێنانی سەرچاوەی داهاتی گشتیی بـە داهـاتو قازانجی دەرەکیـی پڕدەکاتـەوە ( Public Media Alliance, 2017).

**4– دەق:**

دەق‌و پـــەیام لـــە ڕاگەیانــدنی خزمـــەتگوزاریی گشـــتییدا ســـەنتەرن. هـــەمو دەقێـــك جـــا چ کۆکرابێتــەوە، ڕێگەپێــدراو بێــت، بەدەســتهێنرابێت یــان بەرهــەمهێنرابێت، پێویســتە جێمتمانــە بێــت، بێلایەن بێت، دەگمەن بێت‌و پەیوەندییدار بێـت. بـۆ ئەوەی بابەتی پەیوەندییداربونییش مسـۆگەر بێـت، پێویستە ڕێژەیەکی بەرچاو لە دەقەکانی ڕاگەیانـدن لەســەر ئاســتی نیشــتمانیی‌و هەرێمــەکان بەرهــەم بهێنرێن، تا ڕەنگدانەوەی ناسنامەی کـەلتوریی بـن‌و بیشـــیپارێزن. دەقـــەکانی ڕاگەیانـــدن پێویســـتە

رەنگدانـەوەی فرەیـی هاوچـەرخی نەتـەوەکان بـن، هـــــەروەها پێویستیشـــــە بـــــەرزترین ئاســــتی بەرهەمهێنانو کوالێتیی تەکنیکییان هەبێت.

بە هەمانشـێوە، دابینکردنـی هـەواڵی رون، ورد، سـەربەخۆو بێلایـەن لەهـەمو بوارەکانـدا بـەوە لـە قەڵەمـــدەدرێت کــــە ســـــەنتەری بەخشـــــینی خزمەتگوزاریی راگەیاندنی گشـتییەو گرنگییشـە بـۆ دروســتکردنی متمانـــە. لـــە هـــەواڵی ســـەردەمی راگەیانـدنی کارلێککارییـدا (Interactive)، رەنگـە سەرچـاوەی هـەواڵو چـیرۆکەکان رۆژنامەنوسـانی هـــاوڵاتیی بێـــت، هـــەروەك دورنیـــە سەرچـــاوەی دابینکـەرانی پرۆفێشـناڵی هـەواڵ بـن (راسـتییەکی حاشاهەڵنەگرە)، بۆیە پشکنینیان کارێکی پێویستە تا بەدور بن لە پێشێلکردنی ئەو متمانەیـەو کەوتنـە هەڵـەوە. هـەواڵو کاروبـاری هەنوکـەیی پێویسـتە زانیارییبـەخش بـن بـۆ خـەڵكو جێبایـەخیان بێـتو سەرنجیان رابکێشێت، بێ لەبەرچاوگرتنی پاشخانو باکگراوندەکان، تەمەن یان ئاستی زانینیـان. دەبـێ توانایـان پێببەخشـێت تـا بەشـداربن لـە بابەتـە سـەرەکیو گشـتییەکانی رۆژ ( Public Media Alliance, 2017).

لایەنێکی تر دەقی منداڵانە، کە پێویستە گرنگی پێبدرێت. ڕاگەیاندنی دیجیتاڵیی مانای ئەوە دەگەیەنێت، بژاردەکان بۆ هەمو وەرگرێك زیاتر بوە، لەم ڕوانگەیەشەوە پەخشکارانی خزمەتگوزاریی گشتیی لە پێشەنگدا دەمێننەوە بۆ بەرهەمهێنانی دەقی ڕاگەیاندنیی پەیوەندیدارو تایبەت بە منداڵانو لاوان، ئەمەش لە کاتێکدایە کە منداڵان لەم سەردەمەدا لە هەمو شوێنێك ئاشنایەتیی لەگەڵ ڕاگەیاندنی دیجیتاڵو تەکنەلۆجیای نوێی ڕاگەیاندندا پەیدادەکەن (Public Media Alliance, 2017).

لەلایەکیتریشەوە، دابینکردنو بەرهەمهێنانی دەقی پەیوەندیدار لە ئاستی نیشتمانیو هەرێمایەتیی کارێکی گرنگو سەرەکییە بۆ ئەوەی بەرهەمی دامەزراوەی ڕاگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی، دانسقەو نایاب بێت. بە هەمانشێوە دابینکردنی چێوەیەکی جیهانیی لە سەردەمی ئەمڕۆی بەجیهانیبوندا، کارێکی سەرەکییو گرنگە. جگەلەوە، توانای هاوڵاتیان بۆ تێگەیشتنو هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان لەسەر گۆڕانکارییەکانی جیهانو لە ژینگەو گۆڕانکاریی لە

کەشــوهەوادا، بــە شــێوەیەکی گشــتیی بوارێکــە لەلایــەن راگەیانــدنی گشــتییەوە ئیشــی لەســەر نەکراوە، کە پێویسـتە ئەمـەش لەبەرچـاو بگیرێـتو کاری لەسەر بکرێت. لەلایـەکی تـرەوە، بـۆ ئـەوەی وەرگــران بەشــدارییان پێبکرێــت، پێویســتە ئــەو دەقانە داهێنەرانە بن، کـەوا بـژاردەکانی بەردەسـت وەرگران بۆ ژیان روندەکاتەوەو زانیارییان لـەبارەوە پێدەدا.

### 5- بەڕێوەبردن:

مۆدێلی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی راگەیانـدنی گشــتیی دەگــۆڕێن، بــەڵام ســەربەخۆیی نوســینو سیاســـەتو لێپرســـینەوە لەلایـــەن دامـــەزراوە گشــتییەکانەوە دەبــێ بنــەمای ســەرەکیی بــنو مســـۆگەر کـــرابن. بـــە شـــێوەیەکی گشـــتی، دامـــەزراوەکانی راگەیانـــدنی گشـــتیی قـــابیلی لێپرســینەوەن لەبــەردەم پەرلــەمان، حکومــەت، رێکخــەرو هــەروەها جــەماوەریش. لێپرســینەوەش رەنگە لەلایەن دەستەیەکەوە مسـۆگەر بکرێـت کـە ســەربەخۆیانە دانرابێــتو رەنگدانــەوەی پێکهاتــەو فرەییو جیـاوازیی کۆمـەڵ بێـت، هـەروەها بێلایـەن بێــت لــەنێوان حکومــەت لەلایــەکو بــەڕێوەبردنی

ڕۆژانەی دامەزراوە ڕاگەیاندنییەکان لەلایەکی تـرەوە (Public Media Alliance, 2017).

**6- بەڵگەو شیکردنەوە:**

توێژینەوەکردن‌و شـیکردنەوەی دەستگەیشـتنی وەرگران بە زانیارییـەکان‌و، بەشـدارییان زۆر گرنگـە بـــۆ دامـــەزراوەکانی ڕاگەیانـــدنی خزمـــەتگوزاریی گشتیی، بۆ ئەوەی بتـوانن لـە ڕاگەیانـدنی جیهـانیی هاوچەرخدا سەرکەوتوبن.

شیکردنەوەو تێگەیشتن، سەرچاوەی کـارگێڕیی زیـــاترو پلانـــدانان بـــۆ دەقـــەکانی ڕاگەیانـــدن بـــە شێوەیەکی کاریگەرانەتر ئاسـان‌و بەردەسـتدەخات. یەکێك لە سودە ڕونەکانی تەکنەلۆجیای ڕاگەیانـدنی دیجیتاڵیی ئەوەیـە، هـەلی باشـتر بـۆ شـیکردنەوەی وردتری وەرگران دەڕەخسێنێت.

## 2-4: ئەرکـەکانی ڕاگەیانـدنی خزمـەتگوزاریی گشتیی:

پێویسـتە لەسـەر پەخشـکار یـان بەڕێوەبـەرانی کەناڵی ڕاگەیاندن، سێ مەرج بەدیبهێنن، تـاکو وەك ڕاگەیانـدنی یـان پەخشـی خزمـەتگوزاریی گشـتیی

پـــۆلێن بكـــرێن، یەكـــەمیان ئەوەیـــە ئامـــانجو مەبەستەكەی جیاواز بێت لـە كەناڵـە بازرگانییـەكان یـــان كەناڵـــەكانی تـــری گۆڕەپـــانی ڕاگەیانـــدن. دووەمیـــان، پێویســـتە ئەركەكـەی بـریتی بێـت لــە زانیاریی بەخشین، پەروەردەكردنو پێشكەشكردنی خۆشباریی، كـە دەبـێ لـە ڕێگـەی جـۆری جیـاوازی پرۆگرامەكانـــەوە ئـــەم ئەركـــە بـــەدییبهێنرێت، سێیەمیشـــیان ئەوەیـــە، كـــە بـــۆ هـــەمو كەســـێك بەخۆڕایی بێت بۆ بـەكارهێنان ( Bora, 2018, p. 12).

لەلایـەكیترەوە، لـە ڕوانگەیـەكی خۆرهەڵاتییـدا، ئـــەركی ڕاگەیانـــدنی نیشـــتمانیی مۆدێلســـازییە بـــۆ ڕەفتارو دابونـەریتو بـەها كەلتورییـەكانی كۆمـەڵ. ئەگـەر لـە ڕابـردودا (كـەلتور، ژینگـە، خێـزان) سـێ فاكتـــەری ســـەرەكیی بـــوبن لـــە گەڵاڵـــەكردنو پێكهێنـــانی كەســـێتییو پـــەروەردەو فێركردنـــی تاكەكانی كۆمەڵ، ئەوا ئـەمڕۆ بـەهۆی بـەرفراوانییو كاریگـــەریی ئامرازەكـــانی ڕاگەیاندنـــەوە لـــەنێو تاكـەكانی كۆمـەڵ، دەشـێ ڕاگەیانـدن بـە فاكتـەری چوارەم دابنرێت (سید علی رحمانزاده، 1390).

پێویستە لەسەر راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی رەنگدانەوەی هەریەك لە تامو بۆنە بەربڵاوو هەروەها هی کەمینەکانیش بێت، یارمەتیدەر بێت بۆ دروستکردنی یەکانگیریی کۆمەڵایەتیو هەروەها بنیاتنانی هەستی ئینتیمابون لەلایەن کەمینەکانەوە. جگەلەوە پێویستیشە رەنگدانەوەی کەلتوری نەتەوەیی بێتو ناسنامەی نیشتمانییش بەهێز بکات لە رێگەی پرۆگرامەکانییەوە (Bora, 2018).

ئەنجومەنی ئەوروپا (2000)، لەلایەن خۆیەوە بەشێك لە ئەرکەکانی پەخشی خزمەتگوزاریی گشتیی دەستنیشانکردووە وەك لە خوارەوە خراونەتەڕو (Nissen, 2006):

– پێشخستنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی پرۆگرامەکان لەسەر بنەمای فرەیی، داهێنەرانەو جیاوازیش، کە پێویستە کۆکیش بن لەگەڵ ستانداردی بەرزی ئاکاریی (ئێتیکیی) و کوالێتییەوە بێئەوەی هەوڵەکانی هێزی بازاڕ بۆ بەدیهێنانی کوالێتی بکاتە قوربانیی.

– بۆ گەشەپێدانو رێکخستنی خشتەی پرۆگرامو خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانو

بابەتەکانی جێبایەخ بۆ ڕێژەیەکی فراوانتری خەڵك‌و لە هەمانکاتیشدا بایەخێکی بەرچاو بە پێویستییەکانی گروپە بچوك‌و کەمینەکان بدا.

– ئەوە مسۆگەر بکات، ئەو پرۆگرامانەی فەراهەمدەکرێن ڕێژەیەکی بەرچاوی لە بەرهەمی ڕەسەن لەخۆبگرێت، بە تایبەتیش فیلمەکانی گێڕانەوە، دراماو بەرهەمی تری داهێنەرانە. هەروەها پێویستیی ئەوەش لەبەرچاوبگیرێت، کە بەرهەمهێنەری سەربەخۆ بەکاربهێنێت‌و هەماهەنگیی‌و هارییکارییش بکات لەگەڵ سێکتەری سینەمادا.

– تا بتوانێت بژاردەی بەردەم بینەران‌و گوێگران فراوانتر بکات لە ڕێگەی فەراهەمکردنی خزمەتگوزاریی پرۆگرام، کە بەزۆریی لەلایەن پەخشکارە بازرگانییەکانەوە دابیندەکرێن.

– ڕاگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی پێویستە ڕەنگدانەوەی بیرۆکەی جیاوازیی فەلسەفییانەو بۆچونە ئاینییەکان بێت لەناو کۆمەڵدا، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی بەهێزکردن‌و پتەوکردنی لێکتێگەیشتن‌و لێبوردەیی‌و بەهێزکردنی

پەیوەندییەکانی نێو خەڵك لە کۆمەڵە فرەنەتەوەو فەرهەنگە جیاوازەکاندا.

– هەروەها پێویستیشە لەسەر پەخشی خزمەتگوزاریی گشتیی، چالاکانە بەشداربێت لە پێزانین و بڵاوکردنەوەی مۆزاییکی نەتەوەیی و کەلەپوری فەرهەنگیی.

## 2-5: ئاستەنگەکانی بەردەم راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی:

هەرچەندە راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی، زیاتر راگەیاندنێکی رەسمییەو لە بودجەی گشتی پشتیوانیی دارایی دەکرێت، بەڵام هێشتا روبەڕوی کۆمەڵێك کێشەو ئاستەنگ دەبێتەوە لە کارەکانی. بەپێی راپۆرتێك لەسەر راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی، کە دامەزراوەی (Open Society) پشتیوانیی دارایی بۆ دابینکردوەو ناونیشانەکەی (Future or Funeral?)ـە، (Steenfadt et al., 2011)، ئەوە خراوەتەڕو، کەوا سێ هۆکاری سەرەکیی هەن بونەتە مایەی دروستبونی ئەو قەیرانەی لە راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیدا لە ئەوروپا هەیە. یەکەم هۆکار ئەوەیە، هێشتا راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی لەسەر بنەمای

بیرکردنـــەوەی کـــۆن‌و رابـــردو بـــەڕێوەدەبرێ‌و ڕێکـــدەخرێ. هۆکـــاری دووەمیشـــان بریتیـــە لـــە زیادبونی کێبڕکێی ڕاگەیاندنی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبـەت‌و، لـە بەرامبەریشـیدا دابـەزین‌و کـەمبونی ویستی هاوڵاتیان بۆ پـارەدان (کڕین)ـی دەقـەکانی ڕاگەیانـــدنی خزمـــەتگوزاریی گشـــتیی. هۆکـــاری سێیەمیش کە لـە ڕاپۆرتەکـەدا ئامـاژەی پێـدراوە، ئەوەیـە هەنـدێ لـە حکومەتـەکان لـە هەنـدێ لـە وڵاتاندا هەوڵدەدەن پەخشی خزمەتگوزاریی گشتیی زیاتر کۆنترۆڵ بکەن، لـە بـری ئـەوەی بارودۆخێك بڕەخسێنن بۆ ئەوەی ئاسانتر لەگەڵ ژینگـەی نوێـدا خۆی بگونجێنێت (Steenfadt et al., 2011).

لەلایەکیدیکـەوە، (Jakubowiz, 2008) لـە هەڵسەنگاندنێکی وردو فراوانیـدا، چـەند کێشـەیەکی سـەرەکیی تـر دەستنیشـاندەکات لەبـەردەم ڕاگەیانـدنی خزمـەتگوزاریی گشـتییدا، بـۆ نمونـە بڕوایوایـە، هێشـتا نـاڕەزایی ئایـدیۆلۆژیی لـە دژی پەخشی خزمـەتگوزاریی گشـتیی بـەربڵاوەو گومـان لەسەر شەرعییەتەکەی لەبارەی بنەماو هۆکارەکانی دروسـتدەکات، کـە لەگـەڵ ئـازادیی ڕادەربـڕین‌و کێبڕکێدا دژن، هەروەها لەگەڵ سروشتیی بـژاردەیی

(نوخبـــەیی)و چـــەندینی تـــر. شـــارەزایانی تـــر لـــە نمونـــەی (Bardoel and D’Haenens, 2007) ئاماژە بەوەدەدەن، سیاسەتە پەیوەندیدارەکان بە رێکخســـتن لـــە ئـــەوروپا بـــە ئاڕاســـتەی ئەوەیـــە، چالاکییەکانی خزمـەتگوزاریی گشـتی لـە جیهـانێکی سنوردار قەتیس بکاو لە قاڵب بدا، کە بە زۆریـی لـە رێگـەی چـەند پرەنسـیپێك پێناسـەی بکـات، وەك هۆکـــاری دەرەکیـــی ئـــەرێنیی (پـــۆزەتیڤ)، روبەڕوبونـــەوەی شکســـتی بـــازاڕو، هـــەروەها بەرهـــەمهێنانی بـــەهای گشـــتیی کۆتوبەنـــدکراو. کێشەکەش لە سیستمێکی لـەوجۆرە لەوەدایـە، کـە راگەیانـــدنی خزمـــەتگوزاریی گشـــتیی لـــە داهێنانەکانیو توانای گۆڕانی بێبەشدەکات.

هەنـدێك لـە شـارەزایانی تـر بۆچـونیانوایە، پێشـکەوتنە دیجیتاڵییـەکان جـارێکی تـر پێگـەی راگەیانـدنی خزمـەتگوزارییان گۆڕیـوە، بـە جۆرێـك نـەك تـەنها ئاڵنگـارییو بەربەسـتی جۆراوجۆرییـان هێناوەتەپێش، بـەڵکو هـەلی نوێشـیان خولقانـدوە. بـۆ ئـەم مەبەسـتە ( Bardoel and D’Haenens, 2007, p.353) وایدەبینن، پێدەچێت کۆدەنگییەك هـەبێت کـە فەرهـەنگو کـەلتوری دامـەزراوەکانی

راگەیانــــدنی خزمـــەتگوزاریی گشـــتیی ڕۆڵێکـــی تەواوکاریی سەرەکیی بگێڕن لە زانستی پەیوەندیی پێکهاتەکانی نێو دەقی نوێدا. لەمبارەیەوە دەڵێن:

"تەکنـــەلۆجیای راگەیانــــدنی نـــوێ زیـــاتر پشـتیوانن، وەك لـە جێگـرەوەی راگەیانـدنی کۆنو بەرهـــەمهێنانی دەقـــی گشـــتییش بـــە گرنگیـــی دەمێنێتـــەوە لـــە چـــێوەی تەکنـــەلۆجیای زۆرو زەوەنـــدو کـــەموکوڕیو پێویســـتیی دەقـــی پرۆفێشنالانەی بەرهەمهێنراو".

یـەکێتیی پەخشـکارانی ئـەوروپا، (EUB) لـە توێژینەوەیەکییانـــدا (EFJ, 2017) چـــەندین ئاڵنگارییـــان دەستنیشـــانکردوە، کـــە ئاســـتەنگ لەبـــەردەم راگەیانـــدنی خزمـــەتگوزاریی گشـــتییدا دروستدەکەن. گرنگترینیان ئەمانەن:

– **گوشـاری ئـابووریی:** خـاوەن دامـەزراوەکانی پەخشـی خزمـەتگوزاریی گشـتیی دەبـێ داهـاتو بودجەی زیاتر تەرخان بکـەن بـۆ پلاتفـۆرمو سـەکۆ راگەیاندنـە تازەکـان، بـۆ ئـەوەی بتـوانن لـە پەیوەندیـدا بمێننـەوە، بـەڵام سـەرباری ئـەوە ئـەو بودجەیـــەی لـــە داهـــاتی گشـــتیی وەریـــدەگرن، گوشـراوەو کەمکراوەتـەوە. گوشـاری ئـابوریی بـە

هەمانشێوە دەکرێت بە شێوازی تر لەسەر ئەوانە هەبێت کە هەواڵو دەقی راگەیاندن دابیندەکەن. ئەمە بە زۆریی لەو وڵاتانە رودەدات کە کەناڵی راگەیاندنی وای تێدایە بە شێوەیەکی بازرگانیی پشتیوانیی دارایی دەکرێتو ئەرکی دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی دەبینێتو لەکاتی لوتکەو زێڕیندا هەواڵ پەخشدەکات. لە وڵاتانی ئەوروپا، پارتە سیاسییە راستڕەوەکان بەرهەڵستن بۆ ئەو شتەی کە ئەوان بە لایەنگیریی لیبراڵی راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی دەیبینو دەیانەوێت پاڵپشتییە داراییەکانیان ببڕدرێت، بەزۆریی لە رێگەی کەمکردنەوەی باج یان کرێی مۆڵەت. لە چەندین وڵاتدا کە دەسەڵاتێکی زۆرداریی، حوکمڕانیی گرتۆتەدەست، پەخش یان راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتی ناچارکراون ببنە کەناڵێك بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی لایەنگیریان بۆ حکومەتو دەسەڵات تێدایەو، لە بەرامبەریشدا هەمو ئەو هەواڵو چالاکییو بەیاننامەو پڕۆتێستۆکردنانە پشتگوێدەخەن، کە دژی حکومەتو دەسەڵاتن (Dunlop, 2017, p.6). لە وڵاتانی تریش، زۆرجار بەرپرسە باڵاکانی کەناڵی

پەخش‌و راگەیاندنی گشتیی زۆر بە فاشنێکی سیاسییانەی ئاشکرا دەگۆڕدرێن، هەر جارێك کە حوکمڕانێتیی‌و دەسەڵات لە پارتێکی سیاسییەوە دەچێتە دەست یەکێکی تر. تەنانەت کاتێك کە کێشەکە بە ئاشکرا سیاسییانە نییە، ئەوا بەرهەڵستییەك لەلایەن رکابەرەکانەوە هەیە بۆ ئەو پاڵپشتییە داراییەی بۆ پەخش‌و راگەیاندنی گشتیی تەرخانکراوە. ئەمەش رەنگە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بێت، کە پرسیاردەکەن بۆچی، لە سەردەمی فرەکەناڵییدا، تەنها تۆڕێکی راگەیاندن یان گروپێك لە تۆڕی راگەیاندن دەبێ سەرچاوەی مسۆگەری داهاتیان هەبێت بۆ ئەوەی پرۆگرامی خۆشباریی، دراماو لایف ستایڵ بەرهەم بهێنن.

– لە ژینگەی پڕ ئاڵنگاریی راگەیاندنی سەردەمدا، مەترسیی تر دێنەپێش، کە سەرچاوەکەی ڤیدیۆو دەقی راگەیاندنی شایەتحاڵەکان‌و هەواڵی ساختەیە. بوونی سیستمێکی وردبینییکردن لە دەقی بەرهەمهێنراو لەلایەن بەکاربەرانەوە پێویستە، کە زیاتر مەبەست لێی ئەو دەقانەیە کە لە رێگەی مۆبایلی زیرەکەوە بەرهەمدەهێنرێن‌و هەر خێرا دوای هەواڵێکی بەپەلە

یان روداوێکی پڕ مشتومڕ، له تۆڕەکانی فەیسبوك‌و تویتەر بڵاودەبنەوە. بونی سیستمێکی لەوجۆرە بۆ وردبینییکردن زۆرکات بە پێویست زانراوەو گرنگییەکەی لەبەرچاوگیراوە. ئێستا تەکنیکی پێشکەوتو بۆ خێرا وردبینییکردن لە ڤیدیۆکان هەیە، کە لەلایەن بەکارهێنەرانی تۆڕەکانی ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە ئامادەدەکرێن.

هەواڵی ساختە زیاتر کارێکی قورسەو تەنانەت کۆمەڵە دیموکراسییە سەقامگیرەکانیش ڕەنگە بکەونە خانەی مەترسییەوە، بەهۆی ئەو هەواڵە ساختانەی بە ئەنقەست دروستدەکرێن‌و لەسەر تۆڕەکانی ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی بڵاودەکرێنەوە، کە زۆر بەخێرایی بڵاودەبنەوە. لەلایەن خۆیانەوە، پەخشکارانی گشتیی لەژێر مەترسیدان، چ بەهۆی ئەوەی کە ڕەنگە بێمەبەست هەواڵ‌و چیرۆکێکی ڕاگەیاندنی ناڕاست بڵاوبکەنەوە، یاخود بە لایەنگیریی تۆمەتباربکرێن، بەهۆی ئەوەی کە خۆیان ئیدارەی هەواڵ یان چیرۆکەکە نادەن، ئەگەرچی دەشزانن کە ڕاست نییە (Dunlop, 2017, p.7).

چۆن پەخشکارانی گشتی مامەڵە لەگەڵ هەمو ئەمانەدا دەکەنو بەسەریاندا زاڵدەبن؟ پەرۆشیو پەلەکردن لە پێویستیی پەسەندکردنی گۆڕانکاریی، پێداچونەوە بە رێوشوێنەکانو نوێکردنەوەو بەمۆدێرنکردنی بەرهەمەکانی راگەیاندن بە شێوەیەکی بەرفراوان دانی پێدانراوەو کاریان لەسەر دەکرێت. لە باڵتیکەوە تا دەریای ناوەڕاست، دابینکەرانی هەواڵی خزمەتگوزاریی گشتی شوێنگۆڕکێ بە خۆیان دەکەنو تەکنیکەکان پێشدەخەن بۆ روبەڕونەوەی ئاڵنگارییەکانی دژواریی سەردەمی فرەپلاتفۆرمی راگەیاندن (Dunlop, 2017; EFJ, 2017).

**–گوشاری سیاسی**: وەك لە راپۆرتەکەدا ئاماژەی پێدراوە، بە تەنها خاوەنی پەخشەکان دوچاری فشار نابنەوە، بەڵکو رۆژنامەنوسان لە چەندین وڵاتی وەکو هەنگاریا، پۆڵەندا، تورکیاش روبەڕوی گوشاری جیاواز دەبنەوە لەلایەن حکومەتەکانییانەوە، بە جۆرێك کە رێز لە فرەبۆچونیو ئازادیی رادەربڕین ناگرێت.

**– گوشاری خاوەن رۆژنامەکان (راگەیاندنی رکابەر)**: رۆژنامە لۆکاڵەکان وا بیردەکەنەوە، کە

فەراهـــەمبونی هەواڵـــە هەرێمایەتییـــەکان بـــە شـــێوەیەکی خـــۆڕایی، کـــە لەلایـــەن کەناڵـــەکانی پەخشـــی خزمەتگوزارییـــەوە بەرهەمـــدەهێنرێن، گـــەورەترین مەترســـییە بـــۆ ســـەر بونیـــان. ڕۆڵـــی تەلەڤزیۆنو ڕۆڵـــی ڕۆژنامـــەکان تێکـــەڵن، بـــە جۆرێـــك زۆربـــــەی خاوەنـــــەکانی کـــــەناڵی پەخشـــــی خزمـــەتگوزاریی گشـــتیی، دەقو ڤیـــدیۆی هـــەواڵیی هەرێمایـــەتیی بەرهەمـــدێنو لەســـەر ماڵپـــەڕو ئەپلێکەیشـــنەکان بڵاویدەکەنـــەوە، کـــە ئەمـــەش ڕوبەڕوبونـــەوەی پێویســـتییەکانی بەکاربـــەرە بـــۆ کـــڕینی ڕۆژنامـــەی لۆکـــاڵ. تەنانـــەت ئەگـــەر بێتـــو خاوەن ڕۆژنامە لۆکاڵەکان ببنـە ئـۆنلاینو بچنەسـەر ئینتەرنێتیشەوە، ڕوبەڕوی کێبڕکێیـەکی زۆر گـەورە دەبنەوە لە بواری ڕێکلامکردندا، بـۆ ئـەوەی بتـوانن بـەردەوام بـن، کـەوا ئەمـە ڕوبـەڕوی کەناڵـەکانی پەخشی گشتیی نابێتەوە (Dunlop, 2017; EFJ, 2017).

ئەگەر لە وڵاتـانی ئـەوروپاو جیهـانی پێشـکەوتو ئـــەو گرفـــتو ئاســـتەنگانەی بـــەردەم ڕاگەیانـــدنی خزمـەتگوزاریی گشـتیی (پەخشـی خزمـەتگوزاریی گشتیی) هەبێت، ئەوا لە وڵاتانی جیهانی سێو ئەو

وڵاتانـــەی لـــە قۆنـــاغی گواســـتنەوەدان بـــەرەو دیموكراسـی، ئاسـتەنگەكان زیـاترن. لـە كۆمـەڵێكی وەكـو ئـەوەی هـەرێمی كوردستانیشـدا كـە هێشـتا ڕاگەیانـدنێكی گشـتیی تایبـەت بـە خزمـەتگوزاریی گشتیی نییـە بـەو شـێوەیەی لـەوڵاتانی تـردا هـەن، یـان ڕاگەیانـدنێكی نیشـتمانیی نییـە، ئـەوا ئەگـەر هەشبێت یان لـە حاڵێكدا ئەگـەر ڕاگەیانـدنێكی لـەو جۆرە دابمەزرێت، گرفتو ئاستەنگەكان زیاترن.

بـەپێی ئـەنجامی ئـەو فـۆڕمی ڕاپرسـییەی لـە بەشـی سـێیەمی ئـەم توێژینەوەیـەدا خراوەتـەڕو، زۆربـــەی هـــەرە زۆری بەرتوێـــژان، كـــە كەســـانی ئەكادیمیو ڕاگەیاندنكاری بەئـەزمونو ڕۆشـنبیران، پێیانوایە دیارترین ئاستەنگ لەبـەردەم دامەزرانـدنی ڕاگەیانـــدنێكی خزمـــەتگوزاریی گشـــتی یـــان نیشـتمانیی، بریتییـە لـە: زاڵبـونی بەرژەوەنـدیی تایبەت بەسەر بەرژەوەندیی گشـتیی، كـە مەبەسـت لێـــی ئەوەیـــە كاربەدەســـتانو بڕیاربەدەســـتو دەسترۆیشـتوان كـار بـۆ بەرژەوەنـدیی تایبـەتیی خۆیان دەكەن وەك لە بەرژەوەندیی گشتیی خـەڵك، بۆیـە باكیـان نییـە بەرامبـەر بـە پێشكەشـكردنی خزمـەتگوزاریی گشـتیی بـە هاوڵاتیـان، یـاخود

کارکردن لەسەر بنیاتنانی پایەکانی نەتەوەو نیشتمان. بە هەمانشێوە ئاستەنگی سیاسی (ناسەقامگیریی سیاسیی)، نەبونی گوتارێکی یەکگرتوی نیشتمانیی، ئاستەنگی ئایدیۆلۆژییو، هەروەها دامەزراوەیینەبون، دیارترین ئەو ئاستەنگانەن کە بە بۆچونی بەرتوێژان کێشەو کۆسپ دروستدەکەن لەبەردەم دامەزراندنی راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی یان نیشتمانیی.

## 2-6: گرنگیی راگەیاندنی نوێ بۆ راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی

لەسەردەمی ئۆنلاینیدا، ماڵپەڕەکان کۆنترین شێوازی بەرهەمی راگەیاندنی کارلێککارییە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت زۆر گرنگن بۆ هەمو پەخشێکی خزمەتگوزاریی گشتیی، جا چ لەبودجەی گشتیی یان بە شێوازێکی تایبەت بودجەیان بۆ تەرخانکرابێت. پەخشکارانی گشتیی، نەوەی دووەمی ماڵپەڕەکانیان خستۆتەگەڕ بۆ نوێکردنەوەی دیزاین، هەروەها بۆ فەراهەمکردنی ئامرازی پێشکەوتوتر بۆ بنیاتنانی دەقی دەوڵەمەندو، پێوانەکردنی بەشدارییکردنی بەکاربەران. ماڵپەڕەکان سەکۆو پلاتفۆرمی گونجاو

بـۆ هــەڵگرتنو بڵاوکردنــەوەی دەقــی ڕاگەیانــدن فەراهەمدەکەن، کە دەنگو ڤیدیۆشـی لـەخۆگرتوە. هــەروەها ڕێگــە بــە ڕومــاڵی ڕاســتەوخۆی دەقــی نوســـراوی پێشـــهاتەکانی هـــەواڵ دەدات لەگـــەڵ کـــارلێکی وەرگـــران، کـــە لەســـەر ماڵپـــەڕەکانی ڕاگەیانــدنی کۆمەڵایــەتیو بلــۆگی ڕۆژنامەنوســان لــەپاڵ یەکــەکانی وردبینییکــردن لــە ڕاســتییەکان دەســـــــتەبەرکراون. جگەلـــــــەوەش، ئەگـــــــەر ڕێگەپێــدراوبێت، دەتوانرێــت پەخشــی ڕاســتەوخۆی بەرهــەمی هــەواڵی تەلــەڤزیۆنییش دابنرێــت لەســەر ماڵپــەڕەکانی تۆڕەکــانی ڕاگەیانــدنی کۆمەڵایــەتی (Dunlop, 2017). هەبونی ماڵپەڕێکی پێشـکەوتو بــە ئاڕاســتەیەك دادەنرێــت بــۆ ڕومــاڵی هــەواڵی بێلایـەنو متمانـەپێکراو و ڕەسمیـی، کـە لەخۆیـدا سەرچـــاوەیەکی مـــەزنی شانازییکردنییشـــە بـــۆ پەخشی خزمەتگوزاریی گشتیی لەزۆربـەی وڵاتانـدا. لەگــەڵ وەرچــەرخانی خێــرا بــەرەو بــەکارهێنانی مۆبـایلی زیـرەك، سـتراتیژیەتێکی سەرتاسـەریی بـۆ پێشخســـتنی ئەپڵیکەیشـــنەکان پێویســـتە ببێتـــە بەشێك لە پلانو کاری هەر یـەکێك لـە پەخشـکاران، کـــە دەتـــوانن ئەپڵیکەیشـــنی پەخشـــکردنو

ئەپلێکەیشنی هەواڵی گەنجانەو هیتریش بۆ بەکاربردنی ناوخۆییو دانەیەکی جیاوازییش بۆ فۆڵۆوەرانی نێودەوڵەتیی، هەبێت (Dunlop, 2017, P.19).

ماڵپەڕەکان زۆر گرنگن بۆ پەخشکارانی خزمەتگوزاریی گشتیی، بەهۆی ئەوەی توانـاو نەرمیی بێسنوریان، قـولایی زیاتریـان پێدەبەخشێت. هەبونی ماڵپەڕێکی پێشکەوتو وەکو ئەوەیە ئاڕاستەیەکی متمانەپێکراو و بێلایەن رومالی هەواڵەکانو، هەروەها فاکتەرێکی سەرەکیی بێت لە بەردەوامییدان بە فایلەکانیانو گرنگیان (EFJ, 2017).

تا ئێستا، بەگوێرەی توێژینەوەکان، (فەیسبوك) بە یەکێك لە گرنگترین سەکۆکانی راگەیاندنی خەڵك دادەنرێت. باشترین ستراتیژی بۆ کەناڵی پەخشی گشتیی ئەوەیە کە تێکەڵ بێت لەگەڵ فەیسبوكو بەکاریبهێنێت بۆ داهاتو قازانجەکانی لە رێگەی رێکلامکردنەوە. فەیسبوك رەنگە یارمەتیدەریش بێت بۆ دەرخستنی بایەخی دەقەکانی دابینکەرانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان

لەسەر ئەکاونتی خەڵك، بەمەش ژمارەی بینەرەکانی زیاترو فراوانتر دەبێت.

ڕێگەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵنگارییەکانو بەربەستەکان لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام ئەگەر لە ڕابردودا وەرگران ئامادەبوبن لەبەردەم شاشەی تەلەڤزیۆن دابنیشن، یان دانیشن بۆ گوێگرتن لە رادیۆ بۆ وەرگرتنی بەرهەمە هەواڵییەکانی پەخشکارانی گشتیی، ئەوا ئەمڕۆ کەس لە چرکەیەك زیاتر ناوەستێت لەسەر بابەتێك ئەگەر بێتو بایەخی نەبێتو نەشبێتە جێی سەرنجی وەرگران، بۆیە ڕێبازی نوسینو بەرهەمهێنانی دەقی ڕاگەیاندن پێویستە بەمشێوانەی خوارەوە بێت (Dunlop, 2017):

– کاتێك کە دێتە سەر ستراتیژیی دیجیتاڵی، ئەوا ئەجێندای هەواڵی بەرهەمهێنراو پێویستە بە شێوەیەکی بەرچاو فراوان بکرێت، لەگەڵ بەردەوامیدانو پاراستنی دەسەڵاتەکەیو قوڵاییەکەی.

– ڕەگەزی بەهێزی بەرژەوەندیی مرۆیی، پێوەری سەرەکیی بێت بۆ دەقی کەناڵە دیجیتاڵییەکان.

– بەمرۆییکردنی دەقە هەواڵییەکان لە ڕێگەی گۆڕینی ئەجێنداوە لە هەوڵی بەردەوامو شێلگیرانەی نەرێنییەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەو چارەسەری ئەرێنیی.

– بەشداریی پێکردنی بەکاربەر لە دیالۆگدا، بەڵام میانڕەویی لەلایەن پێشکەشکارەوە کارێکی بنەڕەتیو پێویستە.

– گفتوگۆکردن لەبارەی ئەگەری دروستکردنی براندێکی جیاواز لەلایەن پێشکەشکاری هەواڵی خزمەتگوزاریی گشتیی.

هەروەها، وەکچۆن (Dunlop, 2017) ئاماژەی پێدەدا، پەخشکاران پێویستە جارێکی تر چاو بە ڕێبازو شێوازە تەکنیکییەکان بخشێننەوە، بۆ نمونە:

– کارکردن لەسەر بەشداریی پێکردنی بەکارهێنەرانی تۆڕەکانی خەڵك، بە تایبەتی فەیسبوك.

– دانانو پێشخستنی ستراتیژێك بۆ فەیسبوك کارێکی پێویستە. واتا هەر ئەوە بەس نییە کە بە تەنها بابەتی ئامادەکراو بۆ پەخشکردن بهێنێتو لەسەر پەیجو ئەکاونتی فەیسبوك پۆست بکرێن.

– گریمانـەی بـێ دەنگیـی بکـە: واتـا تـەواوی چیرۆکەکە یان باسەکە بخرێنەڕو لە ڕێگەی کاپشـنی پوختو ڕونەوە، کـە گـەورەتر بێـت لـەوەی ڕەنگـە لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن نمایش بکرێن.

– گونجانـــدنی گرافیکـــەکان: قـــەبارەکانی گرافیکی سـەر تەلـەڤزیۆن زۆر بچـوك دەردەکـەونو زانیاریی زۆر لەخۆدەگرێت کە بـۆ شاشـەی مۆبـایلی زیرەك نابێت.

لەگـــەڵ خزمـــەتی پلاتفۆرمـــە ڕاگەیاندنـــە دیجیتاڵیـەکان، پەخشـکاران پێویسـتە هـەنگاو بـە هەنگاو هەڵبێننو دڵنیـابن لـەوەی ئـارەزو هەیـە بـۆ هـــەردو لایـــەنی بـــەڕێوەبردنو هێـــزی کـــار بـــۆ گۆڕانکـــارییو چارەســـەرێکی ناوەنـــدو گونجـــاو. ســـەرلەنوێ ڕێکخســـتنەوەی گروپەکـــەکانی ژوری هـەواڵ بـۆ خزمـەتکردن بـە فرەکـەناڵو دەرچـەی ڕاگەیانـــدن بـــە هەمانشـــێوە پێویســـتە، واتـــا دروستکردنی یەکـەی نـوێ وەك کاروبـاری یاسـایی، هونەر، بـزنس، زانسـت، ژینگـەو ...هتـد، هـەروەها بنیاتنـانی ژورێکـی هـەواڵیی وەك شـوێنێکی کـارو فرە پلاتفۆرمی ڕاگەیاندن.

گۆڕانکارییەکان لە ژوری هەواڵدا هەمیشە ئاسان نین بۆ ڕۆژنامەنوسان، بۆ نمونە بۆ زۆرێك لە ڕۆژنامەنوسی پابەندو کلاسیك، کە هەمو ژیانیان لە تەلەڤزیۆن بەسەربردوە، دودڵیو وریابون بەرامبەر بە سەردەمی نوێ، ساتێکی نیگەرانکەرە. ڕۆژنامەنوسە بەئەزمونەکان هێشتا پێویستییان بەوە هەیە کە دڵنیابکرێنەوە ئەوان سەرچاوەی بەنرخن، تەنانەت لەگەڵ هاتنی ئەو هەمو شێوازو ئامرازو پلاتفۆرمە دیجیتاڵییانەدا بۆ ژوری هەواڵ پێویستییان بەکاتیش دەبێت تا لەسەر واقیعی کارکردن ڕادێن بۆ فرەپلاتفۆرمیی ڕاگەیاندن (Dunlop, 2017).

## بەشی سێیەم: پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

پـــاش دابەشـــکردنی راپێوینامەکـــە بەســـەر بەرتوێـژانو بـەداتاکردنی وەڵامـەکانییان، لـە چـەند خشــتەیەکداو بــە پێــی ریزبەنــدیی‌و تایبەتمەنــدیی برگەکانی ناو راپرسییەکە، ئەنجامەکان لـە چـێوەی هەریـــەك لـــە (دوبارەبونـــەوە، رێـــژەی ســـەدیی، پلەبەنـــدیی) دەخرێنـــەڕو، دواتـــریش توێـــژەران شرۆڤەی زانستییانە بۆ ئەو ئەنجامانە دەکەن:

## 3-1: تەوەری یەکەم: زانیاریی کەسیی

### 1. توخم:

ئەنجامەکان ئەوە روندەکەنەوە، کە زۆربەی بەرتوێژەکان لە توخمی (نێر)ن و (پلەی یەکەم)یان گرتوە، و ئەوانیتریش (مێ)ن و بە (پلەی دووەم) هاتون لە ریزبەندیی ئەگەرەکاندا. بڕوانە خشتەی (1).

**خشتەی (1):**

**دابەشبونی بەرتوێژان بە گوێرەی توخم**

| توخم | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| نێر | 45 | 68.2 | 1 |
| مێ | 21 | 31.8 | 2 |
| **کۆی گشتیی** | 66 | 100 | |

## 2. تەمەن:

ئەنجامەکان دەریدەخەن، کە زۆرینەی بەرتوێژان تەمەنیان (35–39 ساڵ)و (40–44 ساڵ)ە، و پلەی یەکەمی ریزبەندیی دابەشبونەکەیان گرتوەو دواپلەی دابەشبونەکەش، کە پلەی چوارەمە ئەوانەن کە تەمەنیان (30–34 ساڵ)ە. بڕوانە خشتەی (2).

**خشتەی (2):**

**دابەشبونی بەرتوێژان بە گوێرەی تەمەن**

| تەمەن | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| 30–34 ساڵ | 7 | 10.6 | 4 |
| 35–39 ساڵ | 17 | 25.8 | 1/د |
| 40–44 ساڵ | 17 | 25.8 | 1/د |
| 45–49 ساڵ | 13 | 19.7 | 2 |
| 50 ساڵو زیاتر | 12 | 18.2 | 3 |
| کۆی گشتیی | 66 | 100 | |

### 3. ئاستی خوێندەواریی:

ئـەم ئەنجامـەش، ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی، کـە زۆرینەی بەرتوێژان هەڵگری بڕوانامەی (ماسـتەر)ن‌و بـە پلـەی یەکـەم دێـن، دوای ئـەوانیش هـەڵگرانی بڕوانامەی (دکتـۆرا) دێـن، لـە دواپلەشـدا هـەڵگرانی هەردو بڕوانامەی (ناوەنـدیی)و (ئامـادەیی) هـاتون. بڕوانە خشتەی (3).

**خشتەی (3):**
**دابەشبونی بەرتوێژان**
**بە گوێرەی ئاستی خوێندەوارییان**

| بڕوانامە | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| بنەڕەتی | 1 | 1.5 | 5/د |
| ئامادەیی | 1 | 1.5 | 5/د |
| دبلۆم | 4 | 6.1 | 4 |
| بەکالۆریۆس | 13 | 19.7 | 3 |
| ماستەر | 24 | 36.4 | 1 |
| دکتۆرا | 23 | 34.8 | 2 |
| **کۆی گشتیی** | 66 | 100 | |

## 3-2: تــــەوەری دووەم: واقیعــــی هــــەرێمی کوردســــتانو ئاماژەکــــانی دەرکــــەوتنی "راگەیاندنی نیشتمانیی"

### 1. "بەنیشتمانییکردن"ـی بوارە جیاوازەکان:

بـە پێـی ئەنجامـەکان، زۆرینـەی بەرتوێـژان لـە پلەی یەکەمدا پێیانوایە کە (**"بەنیشتمانییکردن"ـی بوارە جیاوازەکان، هەوڵێکە بە ئاراستەی پاراستنی بەرژەوەندیی نیشتمانییو سودو قـازانجی تـاکو کۆمەڵ.**)، دوای ئەویش (تاڕادەیەك) هاتوە بە پلەی دووەم و، ئەوانەیشـــی کـــە بـــە (نـــەخێر) وەڵامیانداوەتەوە، رێژەیـەکی زۆر کـەمنو بـە پلـەی سـێیەم دێـن. ئەمــەش مانــای ئەوەیــە، کــردەی "بەنیشتمانییکردن"ــی کایــە جیاوازەکــان بــە شـێوەیەکی گشـتیو لـە هـەر کۆمـەڵو وڵاتێکـدا، کارێکی پێویسـتو جێبایەخـەو، جێبەجێکردنیشـی، هاتنـەدیی سـودو قـازانجی گشـتیو بەرژەوەنـدیی نیشتمانیی لێدەکەوێتەوە. بڕوانە خشتەی (4).

| خشتەی (4): "بەنیشتمانییکردن"و پاراستنی بەرژەوەندیی نیشتمانیی و سودو قازانجی تاك و کۆمەڵ | | | |
|---|---|---|---|
| **وەڵام** | **دوبارە** | **٪** | **پلە** |
| بەڵێ | 50 | 75.8 | 1 |
| تاڕادەیەك | 14 | 21.2 | 2 |
| نەخێر | 2 | 3 | 3 |
| **کۆی گشتیی** | 66 | 100 | |

**2. نانیشتمانیبونی دامودەزگاکان و ئەگەری دامەزراندنی راگەیاندنێکی نیشتمانیی:**

بە پێی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان لە پلەی یەکەمدا، **دروستکردنی دامەزراوەیەکی راگەیاندنی نیشتمانیی** بە (کارێکی ئەستەم) دەزانن **لە واقیعێکی دیاریکراودا، ئەگەر زۆربەی کایە جیاوازەکان (دامودەزگاکان)، نا نیشتمانیی بون.** ئەوانەیشی بە (کارێکی تاڕادەیەك ئاسان)ـی دەبینن پلەی دووەمیان گرتوە، دواپلەش ئەوانە گرتویانە کە بە (کارێکی ئاسان)ـی دەزانن. ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو راستییەی کە، ناکرێت بە تەنیاو دابڕاو تەماشای بوارە جیاوازەکان

بکـەین‌و کارلێـك‌و کاریگـەرییان بـۆ سـەر یـەکتری نادیـــدەبگرین، بـــە تایبـــەت لـــە پرســـی (بەنیشـــتمانییکردنی دامەزراوەکان)ـــدا، کـــە پەیوەنـــدی‌و گرێدراوییـــەکی زۆر لـــە بوارەکانـــدا دەبینین. بڕوانە خشتەی (5).

**خشتەی (5):**

**نانیشتمانیبونی دامودەزگاکان‌و**

**ئەگەری دامەزراندنی راگەیاندنێکی نیشتمانیی**

| ئەگەر | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| ئاسانە | 2 | 3 | 3 |
| تاڕادەیەك ئاسانە | 18 | 27.3 | 2 |
| ئەستەمە | 46 | 69.7 | 1 |
| **کۆی گشتیی** | 66 | 100 | |

### 3. لـەباریی واقیعی هـەرێم بـۆ دامەزرانـدنی راگەیاندنێکی نیشتمانیی:

ئەنجامـەکان ئامـاژە بـەوە دەدەن، زۆربـەی بەرتوێـژان بڕوایانوانیـە، **واقیعـی ئـەمڕۆی هـەرێمی کوردسـتان، بـۆ دامەزرانـدنی راگەیانـدنێکی نیشـتمانیی لـەبار بێـت.** ئەمـەش لـە پلـەی یەکـەم هـاتوە، بـە رێژەیـەکی نزیـك لەمـەش، پێیانوایـە (تاڕادەیەك لەبارە) پلـەی دووەم و، ئەوانەیشـی بـە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتـەوە پلـەی سـێیەم. ئەمـەش دەگەڕێتەوە بۆ هەلومـەرجی هـەرێمی کوردسـتانو، نـەبونی یـان کـەمیی دامـەزراوە نییشـتمانییەکان تێیدا. بڕوانە خشتەی (6).

**خشتەی (6):**

**لەباریی واقیعی هەرێمی کوردستان، بۆ دامەزراندنی راگەیاندنێکی نیشتمانیی**

| وەڵام | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 7 | 10.6 | 1 |
| تاڕادەیەك | 28 | 42.4 | 2 |
| نەخێر | 31 | 47 | 3 |
| **کۆی گشتیی** | 66 | 100 | |

**4. دامــەزراوەکانی راگەیانــدن لــە هــەرێمو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی:**

ئەم ئەنجامە دەریدەخات، زۆرینـەی بەرتوێـژان کـە پلـەی یەکـەمیان وەرگرتـوە رایانوایـە کـە، **لـە هـەرێمی کوردسـتان، دامـەزراوەکانی راگەیانـدن (تاڕادەیـەك) توانیویانـە خزمـەتگوزاریی گشـتیی پێشـکەش بەخـەڵك بکـەن.** دوای ئەمـەش وەڵامـی (نەخێر) پلەی دووەمە، و پلەی سێیەمیش ئەوانـەن کە وەڵامـەکانیان (بەڵێ)ـیە. ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ هەوڵـە بەرایـیـەکانی هەنـدێ ئـامرازی راگەیانــدن (نوسراو، بیسـتراو، بینـراو، ئەلیکترۆنی)ـی کـوردی لــە هــەرێمی کوردســتاندا، لــە پێشکەشــکردنی خزمــەتگوزاریی گشــتییدا، بــەڵام بــە شــێوەیەکی ناڕێكو ناپیشەیی. بڕوانە خشتەی (7).

| **خشتەی (7): دامەزراوەکانی راگەیاندن لە هەرێمو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی** | | | |
|---|---|---|---|
| **وەڵام** | **دوبارە** | **٪** | **پلە** |
| بەڵێ | 7 | 10.6 | سێیەم |
| تاڕادەیەك | 48 | 72.7 | یەکەم |
| نەخێر | 11 | 16.7 | دووەم |
| **کۆی گشتیی** | 66 | 100 | |

### 5. دامــــەزراوەکانی راگەیانــــدن لــــە هـــەرێمو بوارەکـــانی پێشکەشـــکردنی خزمـــەتگوزاریی گشتیی(*):

به گوێرەی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان کـە لە پلەی یەکەمدان، بۆچـونیانوایە کـە، **لـە هـەرێمی کوردستاندا دامـەزراوەکانی راگەیانـدن لـە بـواری (کەشوهەوا)ـدا زیـاتر توانیویانـە خزمـەتگوزاریی پێشکەش بکەن**، دوای ئەویش بواری (نرخـی دراوو کـــانزا گرانبـــەهاکان) لـــە پلـــەی دووەمو پاشـــان (رێنـــوێنیکردنی تەندروســـتیی) دێـــن، (ناســـاندنی کەلتوری نەتەوەیی)ـیش دواپلـەی وەرگرتـوە. ئـەم ئەنجامانـــــەش، دەرخـــــەری ئـــــەوەن، کـــــە پێشکەشـــکردنی خزمـــەتگوزاریی گشـــتیی لـــە ئامرازەکـانی راگەیانـدن لـە هـەرێمی کوردسـتاندا، تارادەیـــەکی زۆر ســـنوردارو بەرتەســـکە، نـــەك هەمەلایەنەو رێکخراو. بڕوانە خشتەی (8).

---

* وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تەنها بۆ ئەو بەرتوێژانە بو کە وەڵامی پرسیاری پێشویان (بەڵێ) یان (تارادەیەك) بو، هەروا بەرتوێژ بۆی هەبو زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت.

**خشتەی (8):**

**دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێم و بوارەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی**

| بوارەکان | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| نرخی دراوو کانزا گرانبەهاکان | 35 | 67.3 | 2 |
| نرخی کەلوپەل و خۆراك | 12 | 23.1 | 8 |
| کەشوهەوا | 47 | 90.4 | 1 |
| هاتوچۆو ڕێگاوبان | 14 | 26.9 | 6 |
| کارەباو ئاوو ئاوەڕۆ | 7 | 13.5 | 10/د |
| کاروباری فەرمانگەو دامەزراوەکان | 11 | 21.2 | 9 |
| فێرکردنی زمان | 6 | 11.5 | 11 |
| ناساندنی مێژوو جوگرافیای نیشتمانیی | 13 | 25 | 7 |
| ناساندنی کەلتوری نیشتمانیی | 16 | 30.8 | 5 |
| ناساندنی کەلتوری نەتەوەیی | 1 | 1.19 | 12 |
| ڕێنوێنیکردنی ئاینیی | 18 | 34.6 | 14 |
| ڕێنوێنیکردنی یاسایی | 7 | 13.5 | 10/د |
| ڕێنوێنیکردنی تەندروستیی | 30 | 57.7 | 3 |
| **کۆی گشتیی** | 55 | 100 | |

### 6. کارکردنی دامەزراوەکانی هەرێم، هاوشێوەی ڕاگەیاندنێکی نیشتمانیی:

بەپێی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان کە پلەی یەکەمیان وەرگرتوە، واینابینن کە، **لە هەرێم، هیچ دامەزراوەیەك توانیبێتی هاوشێوەی دامەزراوەیەکی "ڕاگەیاندنی نیشتمانیی" کاربکات،** دوای ئەوەش پلەی دووەم (تاڕادەیەك) هاوبۆچونن، دواپلەش هاوبۆچونن. ئەمەش واتای ئەوەیە، کە "ڕاگەیاندنی نیشتمانیی" بە مانا زانستیو پیشەییەکەی، لە هەرێمی کوردستاندا، هێشتا نەیتوانیوە بونی هەبێتو ببێتە خاوەنی پێگەیەکی دیارو کاریگەر. بڕوانە خشتەی (9).

**خشتەی (9):**

**کارکردنی دامەزراوەکانی هەرێم، هاوشێوەی ڕاگەیاندنێکی نیشتمانیی**

| وەڵام | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 5 | 7.6 | 3 |
| تاڕادەیەك | 13 | 19.7 | 2 |
| نەخێر | 48 | 72.7 | 1 |
| **کۆی گشتیی** | 66 | 100 | |

## 7. هۆکاری کارکردنی دامەزراوەکانی هـەرێم، هاوشێوەی ڕاگەیاندنێکی نیشتمانیی[*]:

ئەنجامـــەکان دەریدەخـــەن کـــە، زۆرینـــەی بەرتوێـــژان کـــە پلـــەی یەکـــەمیان گرتـــوە، (پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشـتیی بـە خـەڵك) بــە هۆکــاری کــارکردنی دامــەزراوەکانی هــەرێمی دەزانـن، **هاوشێوەی ڕاگەیاندنێکی نیشتمانیی**، لـە پلـەی دووەمیشـدا هەریـەك لـە هۆکارەکـانی (بـونی گوتـاری نەتـەوەیی‌و نیشـتمانیی، کـارکردن لەسـەر هــــەمو بوارێــــك) دێــــن، دواتــــر هەریــــەك لــــە (پشتیوانیکردن لە بودجەی گشتیی، جێمتمانـەبونی وەرگـر) پلـەی سـێیەمیان گرتـوە. لەمەشـەوە، پـتر ڕوندەبێتـەوە، کـە پێشکەشـکردنی خزمـەتگوزاریی گشـــتی، تایبەتمەندییـــەکی دیـــاری "ڕاگەیانـــدنی نیشتمانیی"ـیە، بەڵام ئەمەش بە تەنها بەس نیە بۆ ئـەوەی ئـەو نـاوە لـە دامەزراوەیـەك بنرێـت. بڕوانـە خشتەی (10).

---

[*] وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تەنها بۆ ئەو بەرتوێژانە بو کە وەڵامی پرسیاری پێشویان (بەڵێ) یان (تاڕادەیەك) بو، هەروا بەرتوێژ بۆی هەبو زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت.

**خشتەی (10):**

**هۆکاری کارکردنی دامەزراوەکانی هەرێم، هاوشێوەی راگەیاندنێکی نیشتمانیی**

| هۆکار | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| چونکە لە بودجەی گشتی پشتیوانیی دارایی دەکرێ. | 6 | 30 | 3/د |
| چونکە گوتاری نەتەوەیی و نیشتمانی هەیە. | 11 | 55 | 2/د |
| چونکە خزمەتگوزاریی گشتیی پێشکەش بە خەڵك دەکا. | 13 | 65 | 1 |
| چونکە کار لەسەر هەمو بوارێك دەکا. | 11 | 55 | 2/د |
| چونکە جێگەی متمانەی وەرگرە. | 6 | 30 | 3/د |
| **کۆی گشتیی** | 18 | 100 | |

**8. ئـــەو دامەزراوەیـــەی لـــە هـــەرێم، وەك "ڕاگەیاندنی نیشتمانیی" کاریکردوە[*]:**

ئـەم ئەنجامانـە ئـەوە ڕوندەکەنـەوە، زۆرینـەی بەرتوێژان ڕایانوایە، **ئەگەر هـیچ دامەزراوەیـەك لـە هەرێمی کوردستان وەك "ڕاگەیاندنی نیشتمانیی" کـاریکردبێ**، ئـەوا دامـەزراوەی میـدیایی کوردسـات (Kurdsat)ـــە، کــە پلــەی یەکــەمی وەرگرتــوە، پاشـــان تـــۆڕی میـــدیایی ڕوداو (Rudaw) پلـــەی دووەمی گرتوە، هەریەك لە (تـۆڕی هـەواڵی کـوردی (KNN)، کوردمـاکس (Kurdmax)، نێـت تیڤـی (Net TV)ـیش دواپلـەیان وەرگرتـوە. ئەمـەش دەگەڕێتـــەوە بـــۆ شـــێوازی تاڕادەیـــەك جیـــاوازی (دامەزراوەی میدیایی کوردسات)و پاشانیش (تـۆڕی میـدیایی ڕووداو)، بـە تایبـەت لـە پێشکەشـکردنی خزمـــەتگوزاریی گشـــتیی لـــە هەنـــدێ بـــواری دیاریکراودا. بڕوانە خشتەی (11).

---

[*] وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تەنها بۆ ئەو بەرتوێژانە بو کە وەڵامی پرسیاری پێشویان (بەڵێ) یان (تاڕادەیەك) بو، هەروا بەرتویێژ بۆی هەبو زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت.

**خشتەی (11):**

**ئەو دامەزراوەیەی لە هەرێم، وەك "راگەیاندنی نیشتمانیی" کاریکردوە**

| دامەزراوە | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| کوردستان تیڤی Kurdistan TV | 4 | 18.2 | 5 |
| دامەزراوەی میدیایی کوردسات Kurdsat | 15 | 68.2 | 1 |
| تۆڕی هەواڵی کوردی KNN | 1 | 4.5 | 6/د |
| دامەزراوەی میدیایی نالیا NRT | 6 | 27.3 | 4 |
| تۆڕی میدیایی رووداو Rudaw | 9 | 40.9 | 2 |
| دامەزراوەی کوردستان 24 K24 | 7 | 31.8 | 3 |
| کوردماکس Kurdmax | 1 | 4.5 | 6/د |
| نێت تیڤی Net TV | 1 | 4.5 | 6/د |
| **کۆی گشتیی** | 18 | 100 | |

## 9. هۆكاری كارنەكردنی دامەزراوەكانی هەرێم، هاوشێوەی راگەیاندنێكی نیشتمانیی(*):

بـــە پێـــی ئەنجامـــەكان، زۆرینـــەی بەرتوێـــژان وایـــدەبینن، (سیســـتمی سیاســـیی) **هۆكـــاری كارنـەكردنی دامـەزراوەكانی هەرێمـە هاوشـێوەی راگەیانـدنێكی نیشـتمانیی،** كـە پلـەی یەكـەمی وەرگرتوە، لە پلەی دووەمیشدا (كاڵبونـەوەی بـەها نیشـتمانییەكان) هـاتوە، پاشـان (لاوازیـی ئاسـتی پیشەیی) لە پلەی سێیەمدا، لە دواپلەشـدا هۆكـاری (نالەباریی ئاستی ئابوریی) دێت. ئەمـەش دەربـڕی ئـەو راسـتییەیە، كـە هۆكارەكـانی كاریگـەر بـۆ دەركـەوتنو كـاركردنی ئامرازەكـانی راگەیانـدن هاوشـــێوەی راگەیانـــدنێكی نیشـــتمانیی زۆرو جیـاوازنو، هەریەكەشـیان بـە قـەبارەی خۆیـان رۆڵیـان هەیـە، لـە پـێش هەموشـییانەوە سیسـتمی سیاسـییو حكـومڕانیی وڵات، پاشـان برشـواو متمانـەی هاونیشـتمانانو بـەها نیشـتمانییەكان،

---

* وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تەنها بۆ ئەو بەرتوێژانە بو كە وەڵامی پرسیاری پێشویان (نەخێر) بو، هەروا بەرتوێژ بۆی هەبو زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت.

هـــەروا لایـــەنی پیشـــەگەریی راگەیانـــدنیش. بڕوانـــە خشتەی (12).

| خشتەی (12):<br>هۆکاری کارنەکردنی دامەزراوەکانی هەرێم، هاوشێوەی راگەیاندنێکی نیشتمانیی | | | |
|---|---|---|---|
| **هۆکار** | **دوبارە** | **٪** | **پلە** |
| سیستمی سیاسیی | 35 | 76.1 | 1 |
| کاڵبونەوەی بەها نیشتمانییەکان | 30 | 65.2 | 2 |
| گرفتی یاسایی | 7 | 15.2 | 7/د |
| زۆریی‌و بۆریی لە راگەیاندندا | 20 | 43.5 | 5 |
| خراپیی دۆخی رۆشنبیریی | 22 | 47.8 | 4 |
| رێگریی کەلتوریی | 7 | 15.2 | 7/د |
| کۆتوبەندی کۆمەڵایەتیی | 9 | 19.6 | 6/د |
| لاوازیی ئاستی پیشەیی | 29 | 63 | 3 |
| نالەباریی ئاستی ئابوریی | 6 | 13 | 8 |
| هەمویان | 9 | 19.6 | 6/د |
| **کۆی گشتیی** | 48 | 100 | |

## 3-3: تـــەوەری ســێیەم: بایـــەخ و پێویســتیی "راگەیانـــدنی نیشـــتمانیی" بـــۆ هـــەرێمی کوردستان و، ئاستەنگەکانی بەردەمی

### 1. دامەزراندنی راگەیاندنێکی نیشتمانیی، لە ئەگەری نانیشتمانیبونی زۆربەی دامەزراوەکان لە هەرێمدا:

ئەنجامـەکان ئـەوە دەردەخـەن کـە، لـە پلـەی یەکەمـدا زۆرینـەی بەرتوێـژان پێیانوایـە، ئەگـەر لـە هـەرێمی کوردسـتاندا، زۆربـەی دامـەزراوەکان، "نـا نیشـــتمانیی" بـــون، دامەزرانـــدنی دەزگایـــەکی "راگەیانـدنی نیشـتمانیی"، کارێکـە: (زۆر بایـەخی هەیـە)، وەکچـۆن ئەوانـەی وایـدەبینن (تاڕادەیـەك بایـــەخی هەیـــە) لـــە پلـــەی دووەم و ئەوانەیشـــی رایانوایـە (هـیچ بایـەخی نیـە) لـە پلـەی سـێیەمدا هــاتون. ئــەم ئەنجامــەش ئاماژەیــە بــۆ گرنگیــی دامەزرانـدنی راگەیانـدنێکی نیشـتمانییە لـە واقیعـی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا، بە تایبەت کە زۆربەی دامـــەزراوەکانی ئـــەم وڵاتـــە "نانیشتمانی"ـــین، سەرەڕای ئەوەی ئەم کارەش ئاسان و بێگرفت نیـە. بڕوانە خشتەی (13).

| خشتەی (13): دامەزراندنی راگەیاندنێکی نیشتمانیی، لە ئەگەری نانیشتمانیبونی زۆربەی دامەزراوەکان لە هەرێمدا | | | |
|---|---|---|---|
| **رادەی بایەخ** | **دوبارە** | **%** | **پلە** |
| زۆر بایەخی هەیە | 43 | 65.2 | 1 |
| تاڕادەیەك بایەخی هەیە | 18 | 27.3 | 2 |
| هیچ بایەخی نیە | 5 | 7.6 | 3 |
| **کۆی گشتیی** | 66 | 100 | |

**2. ئاستی بایەخزانینی دامەزراندنی راگەیاندنێکی نیشتمانیی، لەلایەن هاوڵاتییانی هەرێمەوە:**

ئەم ئەنجامانە دەریدەخەن، زۆرینەی بەرتوێژان کە بە پلەی یەکەم دێن، **پێیانوایە هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان، (تاڕادەیەك) بایەخی دامەزراندنی راگەیاندنێکی نیشتمانیی دەزانن،** لەکاتێکدا ئەوانەی بۆچونیان وایە (هیچ) ئەو بایەخە نازانن بە پلەی دووەمو ئەوانەیشی (زۆر) ئەو بایەخە دەزانن بە پلەی سێیەم دێن. ئەمەش دەگەڕێتەوە، بۆ پێویستیی هاوڵاتییان بە راگەیاندنێکی هەمەلایەنە بە گوتارێکی رونی نیشتمانییانە. بڕوانە خشتەی (14)

| خشتەی (14): ئاستی بایەخزانینی دامەزراندنی راگەیاندنێکی نیشتمانیی، لەلایەن هاوڵاتییانی هەرێمەوە | | | |
|---|---|---|---|
| **ئەگەر** | **دوبارە** | **٪** | **پلە** |
| زۆر | 12 | 18.5 | 3 |
| تاڕادەیەك | 39 | 60 | 1 |
| هیچ | 14 | 21.5 | 2 |
| **کۆی گشتیی** | 270 | 100 | |

### 3. ڕادەی پێویستبونی هەرێمی کوردستان بە ڕاگەیاندنێکی نیشتمانیی:

بـــەگوێرەی ئەنجامـــەکان زۆرینـــەی ڕەهـــای بەرتوێـــژان، کـــە لـــە پلـــەی یەکـــەمو دووەمـــدان، بۆچونیانوایە **هەرێمی کوردستان (زۆر پێویستیی، پێویسـتی) بـە ڕاگەیانـدنێکی نیشـتمانیی هەیـە**، ئەوانەیشی کە ڕایانوایە (هیچ پێویستی پێی نیە) بـە پلەی سێیەم دێن. ئەمەش دیسان جەختکردنەوەیـە لەسەر بایەخی ئەو ڕاگەیاندنە بۆ بارودۆخی هەرێمی کورردستانو هاونیشتمانانی. بڕوانە خشتەی(15).

**خشتەی (15):**

**ڕادەی پێویستبونی هەرێمی کوردستان بە ڕاگەیاندنێکی نیشتمانیی**

| ڕادەی پێویستیی | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| زۆر پێویستی پێیە | 44 | 66.7 | 1 |
| پێویستی پێیە | 19 | 28.8 | 2 |
| نازانم | 1 | 1.5 | 4 |
| پێویستی پێی نیە | 2 | 3 | 3 |
| هیچ پێویستی پێی نیە | 0 | 0 | 5 |
| **کۆی گشتیی** | 66 | 100 | |

## 4. پاساوی پێویستبونی هەرێمی کوردستان بە ڕاگەیاندنێکی نیشتمانیی(*):

ئەنجامەکان، سەبارەت بە **پاساوی پێویستبونی هەرێمی کوردستان بە ڕاگەیاندنێکی نیشتمانیی،** ئەوە پێشاندەدەن، زۆرینـەی بەرتوێـژان پێیانوایـە، (پێویســتییەکی نیشــتمانییە)، کــە لــە پلــەی یەکەمـدان، بــە ڕێژەیــەکی نزیـك لـەویش بـژاردەی (هەمو پاسـاوەکان) پلـەی دووەمـی گرتـوە، ئینجا (پێویســتییەکی ڕاگەیاندنــە) پلــەی ســێیەم، لــە دواپلەشدا هەردو پاساوی (پێویستییەکی مرۆییـە، پێویسـتە بـۆ بـەهێزکردنی ئـابوریی) دێـن. ئەمـەش هەر ئاماژەیە بۆ بایەخ و پێویستییە زۆرو دیارەکـانی واقیعــی هــەرێمی کوردســتان و خەڵکەکــەی بــە ڕاگەیاندنێکی نیشتمانیی. بڕوانە خشتەی (16).

---

* وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تەنها بۆ ئەو بەرتوێژانە بو کە وەڵامی پرسیاری پێشویان یەکێك لە بژاردەکانی (زۆر پێویستی پێیە، پێویستی پێیە) بو، هەروا بەرتوێژ بۆی هەبو زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت.

**خشتەی (16):**

**پاساوی پێویستبونی هەرێمی کوردستان**

**بە راگەیاندنێکی نیشتمانیی**

| پاساو | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| پێویستە بۆ ژیانی رۆژانە | 15 | 24.2 | 9 |
| پێویستە بۆ روبەڕبونەوەی گەندەڵیی | 23 | 37.1 | 4 |
| پێویستییەکی راگەیاندنە (بەهۆی لاوازیی متمانەو زۆریی هەواڵو زانیاریی ناڕاست) | 30 | 48.4 | 3 |
| پێویستییەکی مرۆییە | 11 | 17.7 | 10/د |
| پێویستییەکی نەتەوەییە | 22 | 35.5 | 5/د |
| پێویستییەکی نیشتمانییە | 33 | 53.2 | 1 |
| پێویستییەکی فەرهەنگیو کەلتورییە | 20 | 32.3 | 7 |
| پێویستە بۆ سەقامگیریی سیاسیی | 21 | 33.9 | 6 |
| پێویستە بۆ ئاسایشی نیشتمانیی | 22 | 35.5 | 5/د |
| پێویستە بۆ بەهێزکردنی ئابوریی | 11 | 17.7 | 10/د |
| پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە | 17 | 27.4 | 8 |
| هەمویان | 31 | 50 | 2 |
| **کۆی گشتیی** | 63 | 100 | |

**5. رێگەی پاڵپشتییکردنی دارایی "راگەیاندنی نیشتمانیی"، لە ئەگەری دامەزراندنیدا لە هەرێم[*]:**

ئەنجامەکان هێما بۆ ئەوە دەکەن، زۆرینەی رەهای بەرتوێژان کە پلەی یەکەم وەردەگرن، بە پێویستی دەزانن، **ئەگەر "راگەیاندنی نیشتمانیی" لە هەرێمی کوردستاندا دامەزرا، لە رێگەی: (بودجەی گشتیی)یەوە پاڵپشتیی دارایی بکرێت،** دوای ئەویش (داهاتی رێکلامەکانی کە بڵاویدەکاتەوە) بە پلەی دووەم دێت، پاشان (داهاتی مۆڵەتی کەناڵەکانی راگەیاندن) پلەی سێیەم، لە دواپلەشدا (حزبو لایەنە سیاسییەکان) هاتوە. ئەمەش لەپێناو پاراستنی ئەو دامەزراوە گرنگەیە لە هەر کاریگەرییەکی ئایدۆلۆژییو سیاسییو حزبی، چونکە پشتبەستن بە بودجەی گشتیو ئابورییو دارایی نیشتمانی یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیە. بڕوانە خشتەی (17).

---

[*] **لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا، بەرتوێژ بۆی هەبو زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت.**

**خشتەی (17):**

**ڕێگەی پاڵپشتییکردنی دارایی "ڕاگەیاندنی نیشتمانیی"، لە ئەگەری دامەزراندنیدا لە هەرێم**

| ڕێگە | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| بودجەی گشتیی | 56 | 84.8 | 1 |
| حزبو لایەنە سیاسییەکان | 2 | 3 | 6 |
| داهاتی مۆڵەتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | 20 | 30.3 | 3 |
| داهاتی ڕێکلامەکانی کە بلاویدەکاتەوە | 30 | 45.5 | 2 |
| ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی (NGO) | 9 | 13.6 | 5 |
| کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت | 12 | 18.2 | 4 |
| **کۆی گشتیی** | 66 | 100 | |

**6. بەڕێوەبردن‌و سیاسەت بۆدیاریکردنی "ڕاگەیاندنی نیشتمانیی"، لە ئەگەری دامەزراندنیدا لە هەرێم[*]:**

بەپێی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان بە پێویستی دەزانن، **ئەگەر "ڕاگەیاندنی نیشتمانیی" لە هەرێمی کوردستاندا دامەزرا، لەلایەن (دەستەیەکی سەربەخۆی نیشتمانیی)ـیەوە بەڕێوەببرێ‌و سیاسەتی بۆ دیاریی بکرێ**، کە بە پلەی یەکەم هاتوە، دوای ئەویش (پارلەمان) پلەی دووەمی وەرگرتوە، پاشان (ستاف خۆی) پلەی سێیەم، هەروەك (حزبەکان)ـیش بە نزمترین ژمارەو ڕێژە دواپلەی وەرگرتوە. ئەمەش دیسان بە ئامانجی سەرکەوتنی ئەو دامەزراوەیەیە بە پەیام‌و بەرنامەی تایبەتی نیشتمانیی خۆیەوە، دور لە هەر کارتێکردنێکی دەرەکی، کە لە ڕاستەڕێی بەرژەوەندیی نیشتمانیی لایبدات. بڕوانە خشتەی(18).

* لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا، بەرتوێژ بۆی هەبو زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت.

| خشتەی (18):<br>بەڕێوەبردن و سیاسەت بۆدیاریکردنی "ڕاگەیاندنی نیشتمانیی"، لە ئەگەری دامەزراندنیدا لە هەرێم | | | |
|---|---|---|---|
| **لایەن** | **دوبارە** | **٪** | **پلە** |
| سەرۆکایەتیی هەرێم | 2 | 3 | 6 |
| پارلەمان | 24 | 36.4 | 2 |
| ئەنجومەنی وەزیران (حکومەت) | 8 | 12.1 | 5 |
| وەزارەتی رۆشنبیریی | 12 | 18.2 | 4 |
| حزبەکان | 0 | 0 | 7 |
| دەستەیەکی سەربەخۆی نیشتمانیی | 44 | 66.7 | 1 |
| ستاف خۆی | 19 | 28.8 | 3 |
| **کۆی گشتیی** | 66 | 100 | |

### 7. بونی راگەیاندنێکی نیشتمانیی لە هەرێمو، کاریگەرییەکەی لەسەر هاولاتیی:

ئـەم پرسـیارە لەخۆیـدا، چـەند پرسـیارێکی لـەخۆگرتوە، چـونکە بـۆ هەریـەك لـە جـۆری کاریگەرییەکان، پێنج ئاستی کاریگەریی دیـاریکراوە (زۆر وایە، وایە، نـازانم، وانیـە، هـیچ وانیـە). هـەروا توێژەران (9) گوزارشتی تایبەتیان خستۆتەڕو، کـە بە شێوەیەکی گشتی رومالّی کاریگەریی راگەیانـدنی

نیشـــتمانیی لەســـەر هاولاتییـــان دەکـــەن، ئـــاخۆ هەریەکەیان بەجیا لە تێروانینی بەرتوێژانەوە، بونی راگەیاندنێکی نیشتمانیی لە هەرێمی کوردستان، بـە چ جۆرێك کاریگەریی لەسەر هاولاتی دەبێ؟

ئەنجامـەکان دەریانخسـتوە، لەپێشـەوەی ئـەو کاریگەرییانەی کـە بـونی راگەیانـدنێکی نیشـتمانیی بـــە شـــێوەیەکی (زۆر بـــەهێز) لەســـەر هـــاولاتی دروســـتیدەکات، بـــەپێی پلەبەنـــدیی بریتییـــە لـــە: (زمـانی دەپـارێزێو گەشـەی پێـدەدا). وەکچـۆن، لەپێشـەوەی ئـەو کاریگەرییانەیشـی کـە بـونی ئـەو راگەیاندنە بە شێوەیەکی (بـەهێز) لەسـەر هـاولاتیی دروســـتیدەکات، بـــەپێی پلەبەنـــدیی ئەمانــــەن: (ئینتمـــای نیشـــتمانیی بـــەهێزدەکا، هۆشـــیارییو زانـــینی سیاســـیی زیـــاتر دەکـــا، بەرپرســـیارێتیی نیشـــــتمانیی بـــــەهێزدەکا، فێـــــری ئەتـــــەکێتی کۆمەلایـــەتیی دەکـــا، هـــەوالو زانیـــاریی جیـــاوازو هەمـــــەجۆری پێـــــدەدا، ئاســـــتی رۆشـــــنبیریی بەرزدەکاتـــەوە، کارئاســـانی لـــە ژیـــانی رۆژانـــەدا بـــۆ دەکـــا). هـــەروا، بەرتوێـــژان بەرامبـــەر گوزارشـــتی (توانای ئابوریی بـەهێزدەکا) بـژاردەی (نازانم)ـیان بـە پلـەی یەکـەم هەلبـژاردوە. ئـەم ئەنجامانـەش،

دەگەڕێنەوە بۆ چاوەڕێکردنی کاریگەریی بەرچاو لـە ڕاگەیاندنی نیشتمانیی لە سـاتەوەختی دامەزرانـدنی لــە هــەرێمی کوردســتاندا، لەســەر هاونیشــتمانو، زمــان، ئینتمــا، هۆشــیاریی، زانــینو تواناکــانی بــۆ خودو کۆمەڵو ژیانی. بڕوانە خشتەی (19).

**خشتەی (19):**

**بونی راگەیاندنێکی نیشتمانی لە هەرێمو، کاریگەرییەکەی لەسەر هاوڵاتیی**

| کاریگەریی | زۆر وایە | | | وایە | | | نازانم | | | وانییە | | | هیچ وانییە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | پلە | دوبارە | ٪ | پلە | دوبارە | ٪ | پلە | دوبارە | ٪ | پلە | دوبارە | ٪ | پلە |
| ئینتمای نیشتمانیی بەهێزدەکا | 23 | | 2 | 37 | | 1 | 5 | | 3 | 1 | | 4 | 0 | | 5 |
| زمانی دەپارێزیٚو گەشەی پێدەدا | 31 | | 1 | 25 | | 2 | 10 | | 3 | 0 | | 4/د | 0 | | 4/د |
| هۆشیاریو زانینی سیاسیی زیاتر دەکا | 20 | | 2 | 37 | | 1 | 7 | | 3 | 1 | | 4/د | 1 | | 4/د |
| بەرپرسیارێتیی نیشتمانیی بەهێزدەکا | 26 | | 2 | 33 | | 1 | 7 | | 3 | 0 | | 4/د | 0 | | 4/د |

| | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تواناى ئابوریى بەهێزدەکا | 14 | | 3 | 16 | | 2 | 28 | | 1 | 5 | | 4 | 3 | | 5 |
| فێرى ئەتەکێتى کۆمەڵایەتى دەکا | 13 | | 3 | 33 | | 1 | 14 | | 2 | 3 | | 4/د | 3 | | 4/د |
| هەواڵو زانیاریى جیاوازو هەمەجۆرى پێدەدا | 20 | | 2 | 35 | | 1 | 9 | | 3 | 2 | | 4 | 0 | | 5 |
| ئاستى رۆشنبیریى بەرزدەکاتەوە | 16 | | 2 | 36 | | 1 | 12 | | 3 | 2 | | 4 | 0 | | 5 |
| کارئاسانى لە ژیانى رۆژانەدا بۆ دەکا | 13 | | 3 | 35 | | 1 | 14 | | 2 | 2 | | 4/د | 2 | | 4/د |
| کۆى گشتى | 66 | 100 | | 66 | 100 | | 66 | 100 | | 66 | 100 | | 66 | 100 | |

### 8. ڕادەی گرنگیدانی ڕاگەیاندنی نیشتمانیی بۆ کۆمەڵی کوردستان، بە بابەتە جیاوازەکان[*]:

ئـــەم پرســـیارە لەخۆیـــدا، چـــەند پرســـیارێکی لەخۆگرتوە، چونکە بۆ هەریەك لە بابەتـەکان، سـێ ئاسـتی بایەخپێـدان دیـاریکراوە: (زۆر، تاڕادەیـەك، کـەم). هـەروا توێـژەران (25) بابـەتی تایبـەتیان خستۆتەڕو، کـە لـە دەوری خزمـەتگوزاریی گشـتیدا دەخولێنـــەوە، ئـــاخۆ هەریەکـــەیان بـــەجیا لـــە گۆشـــەنیگای بەرتوێژانـــەوە، دەبـــێ ڕاگەیانـــدنی نیشتمانیی بـۆ کۆمـەڵی کوردسـتان، تـا چ ڕادەیـەك گرنگییان پێبدات؟

ئەنجامەکان ڕونیانکردۆتـەوە، لەپێشـەوەی ئـەو بابەتانەی کە بە پێویست زانـراوە، (زۆر) گرنگییـان پێبـدرێت، بـەگوێرەی پلەبەنـدییان بـریتین لەمانـە: (پاراسـتن و گەشـەپێدانی زمـان، پـەروەردە، مـافی مرۆڤ، چـاودێرکاریی و ڕوبەڕوبونـەوەی سەرپێچـیی و گەندەڵییـەکان، ژینگـە، چەسـپاندنی دیموکراسـیی،

---

[*] لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا، بەرتوێژ بۆی هەبو زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت.

فەرهـــەنگی نەتـــەوەیی، فێرکـــردن، هۆشـــیاریی یاســـایی، تەندروســـتیی، یەکســـانیی جێنـــدەریی، زانســـتو تەکنـــەلۆژیا، شـــوێنەواری دێـــرین، گەشـــتوگوزار، ... تـــاد). لەپێشـــەوەی ئـــەو بابەتانەیشی کە بە پێویست زانـراوە، (**تاڕادەیـەك**) گرنگییـان پێبـدرێت، بـەپێی پلەبەنـدییان ئەمانـەن: (کەشـــوهەوا، خۆشـــباریی‌و کاتبەســـەربردن، دابونـــەریت، بـــازاڕو دراو، وەرزش، ڕێگاوبـــان، چالاکیی حکومەت). هـەروا، ئـەو بابەتـەیش کـە بـە پێویست زانـراوە، (**کـەم**) گرنگـی پێبـدرێت، بـەپێی پلەبەندیی تەنها بریتییە لە: (چالاکیی حزب‌و لایەنـە سیاســـییەکان). لەمەشـــەوە دەتـــوانین بلـــێین، بارودۆخی ئێستای هـەرێمی کوردستان لـە زۆر ڕوی گشـتیی‌و نیشـتمانییەوە، کـە ڕاسـتەوخۆ بـە ژیـانی هاونیشـتمانان‌و دوێـنی‌و ئـەمڕۆو سـبەینێیانەوە پەیوەســتن، کـــەموکوڕیی لەژمارەنـــەهاتو هەیـــەو تینـــوی ڕاگەیانـــدنێکی ڕاژەی گشـــتییە، کـــە بـــە نەخشـــەو بەرنامەیـــەکی نیشـــتمانییانەوە پـــەیامی جیاواز پەخش‌و بڵاوبکاتـەوەو، بایـەخی تایبـەت بـە بوارەکـــانی زمـــان‌و ڕۆشـــنبیریی‌و هۆشـــیارییە هەمەلایەنـەکان بـدات، هاوکـات ببێتـە سـەکۆیەکی

چـاودێرکاریی هاوســەنگو بابــەتی بـۆ دەرخســتنو ڕوبەڕوبونەوەی لادانو گەندەڵییەکان. هـەروەك، لـە پەخشو بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانـە دوربکەوێتـەوە کە خەڵك لێی بێزاربون، لەوانە: کارو چالاکیی هێـزە سیاسییەکان. بڕوانە خشتەی (20).

خشتەی (20):

رادەی گرنگیدانی راگەیاندنی نیشتمانیی بۆ کۆمەڵی کوردستان، بە بابەتە جیاوازەکان

| بابەت | زۆر | | | تارادەیەک | | | کەم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | پلە | دوبارە | ٪ | پلە | دوبارە | ٪ | پلە |
| دابونەریت | 19 | | 2 | 36 | | 1 | 11 | | 3 |
| پاراستن‌و گەشەپێدانی زمان | 53 | | 1 | 11 | | 2 | 2 | | 3 |
| فێرکردن | 43 | | 1 | 22 | | 2 | 1 | | 3 |
| پەروەردە | 51 | | 1 | 13 | | 2 | 2 | | 3 |
| مافی مرۆڤ | 50 | | 1 | 14 | | 2 | 2 | | 3 |
| چەسپاندنی دیموکراسیی | 46 | | 1 | 16 | | 2 | 4 | | 3 |
| هۆشیاریی یاسایی | 43 | | 1 | 20 | | 2 | 3 | | 3 |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکسانیی جێندەریی | 38 | | 1 | 27 | | 2 | 1 | | 3 |
| کەشوهەوا | 20 | | 2 | 37 | | 1 | 9 | | 3 |
| بازاڕو دراو | 20 | | 2 | 34 | | 1 | 12 | | 3 |
| فەرهەنگی نەتەوەیی | 44 | | 1 | 19 | | 2 | 3 | | 3 |
| ڕێگاوبان | 27 | | 2 | 31 | | 1 | 8 | | 3 |
| تەندروستیی | 39 | | 1 | 23 | | 2 | 4 | | 3 |
| خۆشباریی و کاتبەسەربردن | 21 | | 2 | 37 | | 1 | 8 | | 3 |
| مێژویی | 33 | | 1 | 31 | | 2 | 2 | | 3 |
| زانست و تەکنەلۆژیا | 37 | | 1 | 24 | | 2 | 5 | | 3 |
| چاودێرکاری و روبەڕوبونەوەی سەرپێچی و گەندەڵییەکان | 47 | | 1 | 16 | | 2 | 3 | | 3 |
| لاوان | 35 | | 1 | 28 | | 2 | 3 | | 3 |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سامانی سروشتیی | 33 | | 1 | 30 | | 2 | 3 | | 3 |
| ژینگە | 47 | | 1 | 17 | | 2 | 2 | | 3 |
| وەرزش | 29 | | 2 | 34 | | 1 | 3 | | 3 |
| چالاکیی حکومەت | 20 | | 2 | 30 | | 1 | 16 | | 3 |
| چالاکیی حزبو لایەنە سیاسییەکان | 12 | | 3 | 17 | | 2 | 37 | | 1 |
| شوێنەواری دێرین | 37 | | 1 | 23 | | 2 | 6 | | 3 |
| گەشتوگوزار | 36 | | 1 | 25 | | 2 | 5 | | 3 |
| **کۆی گشتیی** | 66 | 10<br>0 | | 66 | 100 | | 66 | 100 | |

## 9. دیارترین ئاستەنگەکانی بەردەم دامەزراندنی "راگەیاندنی نیشتمانیی" لە هەرێمدا(*):

بــەپێی ئەنجامــەکان، ســەبارەت بــە **دیــارترین ئاستەنگەکانی بەردەم دامەزرانـدنی "راگەیانـدنی نیشـتمانیی" لـە هـەرێمی کوردسـتاندا**، زۆرینـەی بەرتوێژان کـە لـە پلـەی یەکەمـدا هـاتون، (زاڵبـونی بەرژەوەنـــدیی تایبـــەت بەســـەر بەرژەوەنـــدیی گشتییدا)ـــیان دەستنیشـــانکردوە، لـــە پلـــەی دوەمیشــدا ئاســتەنگی سیاســیی (ناســەقامگیریی سیاســیی، نــاکۆکیی حزبــەکان، ... تــاد)و پلــەی ســـێیەمیش (نـــەبونی گوتـــارێکی یـــەکگرتوی نیشـتمانیی) هـاتوە، هـەروا دواپلـەش ئاسـتەنگی کــەلتوری (دابونەریت)ــیان دیــاریکردوە. ئەمــەش ئــەوە دەگەیــەنێت، لــە واقیعــی ئــەمڕۆی هــەرێمی کوردســـتاندا، تائەندازەیـــەکی زۆر بەرژەوەندییـــە گشـــتییو نیشـــتمانییەکان کراونەتـــە قوربـــانیی

* لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا، بەرتوێژ بۆی هەبو زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت.

بەرژەوەنـــدیی تایبـــەت و نانیشـــتمانییەکان، هـــەروا دۆخـــــی سیاســـــیی ســــەقامگیر نیـــــە، هێـــــزە سیاســییەکانیش تــەبانین و، تائێســتاش گوتــارێکی یەکگرتوی نیشتمانیی ئامادەیی نیە، بۆیـە ئەمانـەو تێکـڕای لەمپـەڕەکانی دیکـە، هەریـەك بـە قـەبارەو ئاستی کاریگەریی خۆی، بونەتـە کۆسـپ لەبـەردەم دامەزرانـــدنی راگەیانـــدنێکی نیشـــتمانیی. بڕوانـــە خشتەی (21).

| خشتەی (21):<br>دیارترین ئاستەنگەکانی بەردەم دامەزراندنی "راگەیاندنی نیشتمانیی" لە هەرێمدا | | | |
|---|---|---|---|
| ئاستەنگ | دوبارە | ٪ | پلە |
| ئاستەنگی یاسایی (بونی کەموکورتیی لە دەقەکان، نەبونی دەقی پێویست) | 28 | 42.4 | 7 |
| ئاستەنگی ئایدۆلۆژیی | 38 | 57.6 | 4 |
| زاڵبونی بەرژەوەندیی تایبەت بەسەر بەرژەوەندیی گشتییدا | 53 | 80.3 | 1 |
| ئاستەنگی سیاسیی (ناسەقامگیریی سیاسیی، ناکۆکیی حزبەکان، ... تاد) | 50 | 75.8 | 2 |
| ئاستەنگی ئابوریی | 26 | 39.4 | 8/ د |
| ئاستەنگی کۆمەڵایەتیی | 10 | 15.2 | 12 |
| ئاستەنگی رۆشنبیریی (فەرهەنگیی) | 21 | 31.8 | 9 |
| ئاستەنگی کەلتوریی (دابونەریت) | 7 | 10.6 | 13 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاستەنگی ئاینییو ئاینزایی (مەزهەبیی) | 12 | 18.2 | 11 |
| ئاستەنگی پیشەیی (نەبونی یان کەمیی خەڵکانی شارەزا) | 26 | 39.4 | 8/ د |
| نەبونی گوتارێکی یەکگرتوی نەتەوەیی | 32 | 48.5 | 6 |
| نەبونی گوتارێکی یەکگرتوی نیشتمانیی | 44 | 66.7 | 3 |
| ئاستەنگی دامەزراوەیینەبون (نادامەزراوەیی) | 33 | 50 | 5 |
| ئاستەنگی بونی راگەیاندنی رکابەر | 17 | 25.8 | 10 |
| **کۆی گشتیی** | 66 | 100 | |

## دەرەنجام

لــە کۆتــایی توێژینەوەکــەو دوای دەرهێنــانی ئــەنجامی راپرســییەکە، توێــژەران بــە کۆمــەڵێ دەرەنجام گەیشتن، گرنگترینییان ئەمانەن:

1. "راگەیاندنی نیشتمانیی" بـە مانـا زانسـتیو پیشــەییەکەی، لــە هــەرێمی کوردســتاندا، هێشــتا نەیتوانیوە بونی هەبێتو ببێتە خـاوەنی پێگەیـەکی دیـارو کاریگـەر. ئـەوەی کـە هەیشـە، تـەنها هەوڵـە بەراییـەکانی هەنـدێ ئـامرازی راگەیانـدن (نوسـراو، بیســتراو، بینــراو، ئەلیکترۆنی)ــی کوردییــە لــە هەرێمــدا، لـــە پێشکەشــکردنی خزمـــەتگوزاریی گشتییدا، بەڵام بـە شـێوەیەکی ناپیشـەییو ناڕێكو سنوردار، نەك پیشەییو رێکخراوو هەمەلایەنە.

2. هۆکـــاری دانەمەزرانـــدنی "راگەیانـــدنی نیشــتمانیی" لـــە هـــەرێمی کوردســـتاندا، یـــان کارنەکردنی دامەزراوەکانی هەرێم هاوشـێوەی وەهـا راگەیاندنێك، فرەو جیـاوازن، دیارترینییـان بـریتین لــە: (سیســتمی سیاســیی، کاڵبونــەوەی بـــەها نیشتمانییەکان، لاوازیی ئاستی پیشەیی).

3. دامەزرانـدنی راگەیانـدنێکی نیشـتمانیی لـە واقیعی ئەمڕۆی هـەرێمی کوردسـتاندا بایـەخی زۆرو

تایبەتی هەیە، بە تایبەت کە زۆربەی دامەزراوەکانی ئەم وڵاتە "نانیشتمانی"ین، سەرەڕای ئەوەی ئەم کارەش ئاسانو بێگرفت نیە. وەکچۆن، هاوڵاتییانی هەرێم، گرنگیی دامەزراندنی ڕاگەیاندنێکی لەوجۆرە دەزانن.

4. دروستکردنی دامەزراوەی "ڕاگەیاندنی نیشتمانیی" لە هەرێمی کوردستاندا زۆر پێویستە، چونکە هاوڵاتییان پێویستییان بە ڕاگەیاندنێکی هەمەلایەنەیە، کە خاوەنی گوتارێکی ڕونی نیشتمانییانە بێت. پاساوەکانی پێویستبونی هەرێمی کوردستانیش بەو ڕاگەیاندنە، گرنگو هەمەجۆرو جیان، لەوانە: (پێویستییەکی نیشتمانییە، پێویستییەکی ڕاگەیاندنە، ... تاد).

5. ئاستەنگەکانی بەردەم دامەزراندنی "ڕاگەیاندنی نیشتمانیی" لە هەرێمی کوردستاندا فرەو جیاوازن، لەوانە: (زاڵبونی بەرژەوەندیی تایبەت بەسەر بەرژەوەندیی گشتییدا، ئاستەنگی سیاسیی، نەبونی گوتارێکی یەکگرتوی نیشتمانیی، ... تاد).

6. بونی ڕاگەیاندنێکی نیشتمانیی لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی (زۆر بەهێز) کاریگەریی

لەسـەر هـاوڵاتی دروسـتدەکات، لەوانـە: (زمـانی دەپـاریزیو گەشـەی پێـدەدا). وەکچـۆن، لەپێشـەوەی ئـەو کاریگەرییانەیشـی کـە بـونی ئـەو ڕاگەیاندنە بە شـێوەیەکی (بـەهێز) لەسـەر هـاوڵاتی دروسـتیدەکات، بـەپێی پلەبەنـدیی ئەمانـەن: (ئینتمای نیشتمانیی بەهێزدەکا، هۆشیاریو زانـینی سیاسـیی زیـاتر دەکـا، بەرپرسـیارێتیی نیشـتمانیی بـەهێزدەکا، فێـری ئەتـەکێتی کۆمەڵایـەتیی دەکـا، هـەوالو زانیـاریی جیـاوازو هەمـەجۆری پێـدەدا، ئاسـتی ڕۆشـنبیری بەرزدەکاتـەوە، کارئاسـانی لـە ژیانی ڕۆژانەدا بۆ دەکا).

7. ئەگەر "ڕاگەیاندنی نیشتمانیی" لـە هـەرێمی کوردسـتاندا دامـەزرا، لـە ڕێگـەی: (بودجـەی گشتی)ـیەوە پاڵپشتیی دارایی بکرێت.

8. ئەگەر "ڕاگەیاندنی نیشتمانیی" لـە هـەرێمی کوردسـتاندا دامـەزرا، لەلایـەن (دەسـتەیەکی سـەربەخۆی نیشتمانی)ـیەوە بـەڕێوەببریو سیاسەتی بۆ دیاریی بکری.

9. ئەگەر "ڕاگەیاندنی نیشتمانیی" لـە هـەرێمی کوردستاندا دامەزرا، لەپێشەوەی ئەو بابەتانەی کـە بە پێویست دەزانرێت بۆ کۆمەڵی کوردستان، (زۆر) گرنگییـان پێبـدات، بـەگوێرەی پلەبەنـدییان بـریتین

لەمانە: (پاراستن‌و گەشەپێدانی زمان، پەروەردە، مافی مرۆڤ، چاودێرکاریی‌و روبەڕوبونەوەی سەرپێچیی‌و گەندەڵییەکان، ژینگە، چەسپاندنی دیموکراسیی، فەرهەنگی نەتەوەیی، فێرکردن، هۆشیاریی یاسایی، تەندروستیی، یەکسانیی جێندەریی، زانست‌و تەکنەلۆژیا، شوێنەواری دێرین، گەشتوگوزار، ... تاد).

## راسپاردە

لەبــەر ڕۆشــنایی ئــەو دەرەنجامانــەو، لــەپێناو دروســتکردنی دامەزراوەیــەکی کــارای "ڕاگەیانــدنی نیشـــتمانیی"، توێـــژەران چـــەند ڕاســـپاردەیەك پێشکەشدەکەن:

1. گرتنەبـــەری ڕێوشـــوێنی وردو جـــددیو پلانبـــۆدانراو لەلایـــەن پارلـــەمانی کوردســـتانو دامـــەزراوە پەیوەنددارەکانـــەوە بـــۆ پێکهێنـــانی (دەستەیەکی سـەربەخۆی نیشـتمانیی) لـە هـەرێمی کوردسـتانو، لەوێشـەوە کـارکردن بـۆ دامەزرانـدنی ڕاگەیاندنێکی نیشتمانیی.

2. هەوڵـدانی جـددیی کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدنو دامەزراوەکانی تری هەرێمی کوردسـتان بـۆ ئـەوەی لانیکـــەم لـــەم قۆناغـــەداو تـــاکو دامەزرانـــدنی ڕاگەیانـدنێکی نیشـتمانیی لـە هـەرێم، هەوڵـەکانیان چڕبکەنەوە بۆ پێشکەشـکردنی زۆرتـرینو باشـترین خزمەتگوزاریی گشتیی بە وەرگر.

## پێشنیاز

پاش خستنەڕوی دەرەنجامو راسپاردەکانیش، توێژەران پێشنیاز دەکەن:

1. توێژەرانی تر، توێژینەوەی زانستیی بکەن هەر سەبارەت بەم بابەتە، بەڵام بە رێبازی دیکەی زانستی.

2. توێژەرانی دیکە، توێژینەوەی زانستیی بکەن سەبارەت بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی نەبونی راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی "راگەیاندنی نیشتمانیی" لە هەرێمی کوردستاندا.

## سەرچاوەکان (References)


**یەکەم: بە زمانی کوردیی**

– پەرلەمانی کوردستان (2013) *یاسای ژمارە (11)ی ساڵی 2013 یاسای ماف دەستکەوتنی زانیاری لەهەرێمی کوردستان*، [ئۆنلاین]، بەردەستە لەم لینکە: https://www.kurdistan-parliament.org/files/articles/120713023536.pdf ، رێککەوتی سەردان: 15 نیسان 2019

– دەستوری هەمیشەیی عیراق، 2005.

هاتوچۆی سلێمانی (2016) *رادیۆ ترافیک FM ئەمڕۆ کرایەوە*، [ئۆنلاین]، بەردەستە لەم لینکە: http://www.sultraffic.com/Description.aspx?No_=2328&M_=2، رێککەوتی سەردان: 15 نیسان 2019

**دووەم: بە زمانی ئینگلیزیی**

Banerjee, Indrajit and Seneviratne (2006) *Public Service Broadcasting in the age of globalization*. Singapore: Asian Media Information and Communication Centre (AMIC)

Bardoel, Jo and Gregory, F. Lowe (2007) From public service broadcasting to public service media: the core challenge. In: Bardoel, Jo and Gregory, F. Lowe (ed.), *From public service broadcasting to public service media*. Goteborg: Nordicom, p. 9-26

BBC (2017) *The history of BBC*, [Online], Available from: https://www.bbc.com/timelines/zxqc4wx, [Accessed: 16 April 2019]

Bora, Abhijit (2018) Public service broadcasting by radio: challenges ahead, *New media and mass communication* , Vol.1 (2011), pp. 11-21, [Online], Available from: https://www.researchgate.net/publication/265891000_Public_Service_Broadcasting_By_Radio_Challenges_Ahead, [Accessed: 15 April 2019],

Brevini, Benedetta (2015) *Public service and community media*, [online], Available from: https://onlinelibrary.wiley.com/doi/pdf/10.1002/9781118767771.wbiedcs045, (Accessed: 28 March 2019)

Collins, Richard (2010) *Public service broadcasting: yesterday, today and tomorrow,* [Online], Available from: https://www.opendemocracy.net/en/opendemocracyuk/public-service-broadcasting-yesterday-today-and-tomorrow/, [Accessed: 13 April 2019]

Dunlop, Bill (2017) *Perfect storm: the multiple challenges facing public service news, and why tackling them is vital for democracy*. [Online], (2nd ed), Available from: https://www.ebu.ch/files/live/sites/ebu/files/Publications/EBU-Perfect-Storm_EN.pdf, [Accessed: 15 April 2019]

EBU (2018) *WHAT IS PUBLIC SERVICE MEDIA?* [Online], Available from: https://www.ebu.ch/about/public-service-media, (Accessed: 30 March 2019)

EFJ (2017) *Which are the challenges and solutions for public service media?*

[Online], Available from: https://europeanjournalists.org/blog/2017/07/05/which-are-the-challenges-and-solutions-for-public-service-media/ [Accessed: 12 April 2019]

Hammer, Ferenc and Gulyas, Agnes (2013) Public service media at a crossroads?. In: Hammer, Ferenc and Gulyas, Agnes (ed.), *Public Service Media in the Digital Age: International Perspectives*, Newcastle: Cambridge scholars publishing. Pp. viii-xvi

Jakubowicz, Karol (2008) Public service vroadcasting in the 21st century: what chance for a new beginning?. In: Grgory, Farrell Lowe and Jo Bardoel (ed.) *From public service broadcasting to public serviced media*. Goteborg: Nordicom, pp. 29-50

Nissen, Christian S. (2006) *Making a Difference: Public Service Broadcasting in the European Media Landscape*, London: John Libbey Publishing

Ofcom (2018) *Public service broadcasting* (PSB) television, [Online], Available from: https://www.ofcom.org.uk/tv-radio-and-on-demand/information-for-industry/public-service-broadcasting, [Accessed: 16 April 2019]

Public Media Alliance (2017) *What is PSM?*, [Online], Available from: https://www.publicmediaalliance.org/about-us/what-is-psm/, (Accessed: 30 March 2019)

Steenfadt, Olaf; Glowachki; Michal; Boev, Boyko; Nikoltchev, Susanne; Bla, Francisco Javier Cabrera & Kus, Michal (2011) *Future or funeral? A guide to public service media regulation in*

*Europe*, Open Society Foundations, Available from: https://www.article19.org/data/files/medialibrary/2760/11-10-06-europe-media-regulation.pdf, [Accessed: 16 April 2019]

**سێیەم: بە زمانی عەرەبیی**

- درباس ئیبراهیم (2018) *كردستان تفتقر الى الاعلام الوطني*، (ئۆنلاین)، متوفر في الرابط التالي: kitabat.com/2018/10/22/كردستان–تفتقر–إلى–الإعلام–الوطني، تأريخ الولوج: [14 نيسان 2019]

**چوارەم: بە زمانی فارسیی**

سید علی رحمانزاده (1390) بررسی نقش رسانه ملی در توسعه ارتباطات بین فرهنگی در میان اقوام ایرانی از دیدگاه صاحب نظران، مجله متالعات رسانه ای، سال ششم، شماره سیزدهم، تابستان، ص (238).

## پوختەی توێژینەوەکە

بابەتی ئەم توێژینەوەیە (پێگەی راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی "راگەیاندنی نیشتمانیی" لە هەرێمی کوردستاندا/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە)، پەیوەستە بە پرسیارکردن لە شوێنی جۆرێك لە راگەیاندن لە واقیعێکی دیاریکراودا، کە بە راگەیاندنی نیشتمانیی (Public Service Media) ناسراوە، هەروا بایەخی بۆ دۆخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستانو، پاشان دیارترین ئاستەنگەکانی بەردەم دامەزراندنی لە هەرێمدا.

لەمەشەوە، بایەخی ئەنجامدانی وەها توێژینەوەیەك دەردەکەوێت، چونکە پەیوەندیی راستەوخۆی بە ژیانی هاونیشتمانییان و، دەسەڵاتە جیاوازەکان و کۆی کایەکانی کۆمەڵ هەیە. سەرباری ئەوەی، یەکەمین توێژینەوەیە سەبارەت بەم بابەتە بە زمانی کوردیی.

توێژینەوەکە لە خانەی ئەو توێژینەوە (وەسفیی)یانەیە، کە گرنگیی بنەڕەتیی بە

تاوتوێکردنی ئەو پرسانە دەدات، کەوا پەیوەستن بە گۆڕاوی بابەتە سەرەکییەکانییەوە. وەکچۆن ڕێبازی (ڕوپێوکاریی) بەکارهاتوە، لەپێناو هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی کە ئەم توێژینەوەیە بەدوایاندا دەگەڕێت، لە ڕوانگەی گونجانی لەگەڵ بابەتەکەدا، بە گوێرەی ئەوەی کە زۆربەی توێژینەوە زانستییەکانی پێشو جەختیان لەسەر کردۆتەوە.

دەربارەی پەیکەری توێژینەوەکەش، لە پێشەکیی و سێ بەشی سەرەکیی و دەرەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان پێکدێت. بەشی یەکەم بریتییە لە ڕێبازنامەی توێژینەوەکە (Methodology)، کە هەریەك لە تەوەرەکانی (ناونیشانی توێژینەوەکەو هۆکاری هەڵبژاردنی، سودو بایەخی توێژینەوەکە، کێشەی توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە، جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە، ڕواڵەتەدروستیی، ڕێگەو ئامرازی توێژینەوەکە، سنوری توێژینەوەکە، کۆمەڵ و مشتەی (Sample)ی توێژینەوەکە، توێژینەوەکانی

پێشـــو، دیـــاریکردنی چـــەمك و زاراوەکـــان)ـــــی لەخۆگرتوە.

بەشـی دوەمـیش، کـە بریتییـە لـە (تیۆرینامـەی توێژینەوەکـــە) بـــە ناونیشـــانی (گەشەســـەندن‌و ئاستەنگەکانی راگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشـتیی)، لــە چــەند بــاس و تــەوەرێك پێکهــاتوە، لەوانــە: (چــەمك‌و پێناســەی راگەیانــدنی خزمــەتگوزاریی گشـتیی، راگەیانـدنی خزمـەتگوزاریی گشـتیی یـان نیشـــتمانیی: ســـەرهەڵدان‌و گەشـــەکردن، پایـــە (رەگـــــەزە) ســـــەرەکییەکانی راگەیانـــــدنی خزمــەتگوزاریی گشــتیی، ئەرکــەکانی راگەیانــدنی خزمــەتگوزاریی گشــتیی، ئاســتەنگەکانی بــەردەم راگەیانـــدنی خزمـــەتگوزاریی گشـــتی، گرنگیـــی راگەیانـــدنی نـــوێ بـــۆ راگەیانـــدنی پەخشـــی خزمەتگوزاریی گشتیی).

دوابەشـــی توێژینەوەکـــەش بریتییـــە لـــە (پراکتیکنامە)، کەوا لە رێگـەی راپێوینامـە (فـۆرمی راپێویی)ـەوە، چـەند پرسـیارێکی گشـتی و تایبـەت سـەبارەت بـە بابـەتی توێژینەوەکـە ئاراسـتەی

ژمارەیەك لە هەردو بژاردەی (ئەكادیمستانی بواری زانستە مرۆییو كۆمەڵایەتییەكانو روناكبیران)ی كورد لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی كوردستان كراون، دواتر وەڵامەكان كراونەتە كۆمەڵە خشتەیەكو ئەنجامەكان دەرهێنراون، پاشان هەریەك لەو ئەنجامانە شرۆڤەكراون.

لە كۆتاییشدا، گرنگترین دەرەنجامەكانی توێژینەوەكە خراونەتەڕو، لەوانە:

1. دامەزراندنی راگەیاندنێكی نیشتمانیی لە واقیعی ئەمڕۆی هەرێمی كوردستاندا بایەخی زۆرو تایبەتی هەیە، بە تایبەت كە زۆربەی دامەزراوەكانی ئەم وڵاتە "نانیشتمانی"ین، سەرەڕای ئەوەی ئەم كارەش ئاسانو بێگرفت نیە. وەكچۆن، هاوڵاتییانی هەرێم، گرنگیی دامەزراندنی راگەیاندنێكی لەوجۆرە دەزانن.

2. ئاستەنگەكانی بەردەم دامەزراندنی "راگەیاندنی نیشتمانیی" لە هەرێمی كوردستاندا فرەو جیاوازن، لەوانە: (زاڵبونی بەرژەوەندیی تایبەت بەسەر بەرژەوەندیی گشتییدا، ئاستەنگی

سیاسیی، نەبونی گوتارێکی یەکگرتوی نیشـتمانیی، ... تاد).

هــەروا هــەر لــە چــێوەی ئــەم توێژینەوەیــەدا، راســپاردەی پێویســت بــۆ لایــەنی پەیوەنــددار و، پێشنیاریش بۆ توێژەرانی ئاینده پێشکەشکراوە.

## ملخص البحث

موضوع هذا البحث (موقع اعلام الخدمات العامة "الاعلام الوطني" في اقليم كوردستان/ دراسة ميدانية)، مرتبط بالسؤال عن موقع نوع معين من الاعلام في واقع معين، والذي يعرف بالاعلام الوطني ايضا او (Public Service Media)، كما يتناول اهمية هذا النوع من الاعلام لاقليم كوردستان بوضعها الحالي و وتحديد ابرز المعوقات التي تحول دون تأسيسه في الاقليم.

ومن هذا المنطلق تتضح أهمية بحث كهذا لانه مرتبط مباشرة بحياة المواطن و مختلف السلطات و كافة قطاعات المجتمع، كما انه يعد اول بحث يتم اعداده عن هذا الموضوع باللغة الكوردية.

يعد البحث من البحوث الوصفية التي تهتم بالأساس بمناقشة القضايا التي ترتبط بمتغييرات الموضوع الرئيس. وتم ايضا استخدام المنهج المسحي للدراسة من أجل تحقيق اهداف هذه الدراسة.

وتتكـون الدراسـة مـن المقدمـة، ثلاثـة فصـول رئيســية بالاضــافة الى النتــائج والتوصــيات والمقترحات. الفصل الاول يتناول منهج البحث والذي يتكون بدوره عن (عنوان البحث وأسباب اختيـاره، اهمية البحـث، مشـكلة البحـث، اهدافـه، نـوع ومـنهج البحث، مصداقية البحث، طرق وادوات البحث، حدود البحـث، مجمتـع ونمـوذج البحـث، الدراسـات السـابقة وتحديد المصطلحات.

امـا الفضـل الثـاني والمعنـون (تطـور ومعوقـات اعـلام الخـدمات العامـة)، فـتم تخصيصـه للجانـب النظـري للبحـث ويتكـون مـن عـدة مواضـع كالتـالي: مفهوم وتعريف اعلام الخدمات العامة، اعلام الخـدمات العامة او الاعلام الوطني: الظهـور والتطـور، العناصـر الرئيسـة لاعــلام الخـدمات العامــة، وظـائف اعــلام الخـدمات العامـة، معوقـات اعـلام الخـدمات العامـة، أهمية الاعلام الجديد لاعلام او بث الخدمات العامة.

والفصـل الاخـير هـو الجـزء العملـي او الميـداني للدراسـة حيـث تم توجيـه العديـد مـن اسـئلة عامـة

وخاصة مرتبطة بموضوع الدراسة من خلال استمارة استبيان لنخبة من الاكاديميين في مجال العلوم الانسانية والاجتماعية وكذلك المثقفين والاعلاميين الكورد ذوي الخبرة داخل وخارج اقليم كوردستان. وتم ايضا توضيح النتائج من خلال مجموعة من الجداول كما تم عرض اهم الاستنتاجات التي توصلت اليها الدراسة.

وفي نهاية الدراسة، تم عرض اهم النتائج منها ما يلي:

1- ان تأسيس اعلام وطني للواقع الحالي في اقليم كوردستان، له اهمية كبيرة وخاصة، خصوصا ان غالبية مؤسسات الاقليم تعد غير وطنية، لكن في نفس الوقت أن هكذا خطوة ليست بسهلة و أن المواطنين في اقليم كوردستان على دراية بأهمية تأسيس هذا النوع من الاعلام.

2- ان العوائق أمام تأسيس اعلام وطني في اقليم كوردستان عديدة، منها: تفضيل المصلحة

الشخصية على المصلحة العامة، المعوقات السياسية، عدم وجود خطاب وطني موحد...الخ.

كما تم تقديم توصيات ضرورية للجهات المسؤولة و عرض مقترحات لدراسات مستقبلية للباحثين.

**Abstract**

The topic of this research (The position of public service media “National Media” in the Kurdistan Region), is linked to the position of a sort of media in a certain reality, which its known as the “national Media”. It also discusses the significance of such a media to the current situation of the Kurdistan Region and the most prominent barriers to establishing such media. As such, the significance of such a study will be obvious since it has a strong and direct link with citizens’ daily life, various authorities and a society’s sectors. In addition, another importance of this study is that it is the first one in Kurdish, which addresses such topic.

Furthermore, this current study is a descriptive one and it has employed survey as a method to achieve the objectives and goals of the study.

In terms of the content of this study, it is worth to mention that it’s been divided to three chapters in addition to the introduction, results and suggestions. The first chapter is devoted to the methodology of the study, which includes the reasons of choosing the title of the study, the significance, the problem, main goals, reliability, study

tools and the sample. On the other hand, the second chapter addresses the theoretical part of the study and consists of the concept and definition of public service media, public service or national media: the emergence and development, the main pillars of public service media, functions of public service media, constrains of public service media and finally the importance of new media to public service media.

The third chapter devoted to the fieldwork, which discusses several relevant questions in a questionnaire that have been answered by tens of academics from humanity and social science, journalists and intellectuals, inside and outside the Kurdistan Region. The answers are organized in tables and been analyzed in this chapter.

At the end of the study, the most prominent results are presented, including:

1- Establishing a public service media institute in the current situation in the Kurdistan has a notable importance especially since the most of the institutions in the region are not national; however, establishing such a media is to some extent difficult.

2 -The are different barriers to establishing a public service media

“National Media” in the Kurdistan region, such as: the preference of personal interests on the public interests, political constrains and the absence of a national unified speech and strategy.

Finally, the study has presented several suggestions to future studies and recommendations to the relevant parties. 

# سوپاس و پێزانین

بە پێویستی دەزانین سوپاسی مەکتەبی ئیدارەو دارایی گشتیی بکەین کەئەرکی چاپکردنی ئەم توێژینەوەی گرتە ئەستۆ.

هەروەها سوپاسی ڕۆژنامەنوس ئاری عومەر دەکەین، کە خەمخۆرانە هاوکارو پشتیوان بوو بۆ چاپکردنی ئەم توێژینەوەیە.

زۆر سوپاسی هاوڕێیانمان: م. محەمەد بابۆڵی بۆ دیزاینکردنی ناوەوەو کاك هۆگر حەمەساڵح بۆ دیزاینکردنی بەرگی کتێبەکە دەکەین.

نمونەیان زۆر بێت..

**کاروان - هێرش**

راگەیاندنی نیشتمانیی ■ د. هێرش ڕەسوڵ • د. کاروان عەلی

ئەم توێژینەوەیە، مەبەستییەتی،
لە رێی وروژاندنی چەند
پرسیارێکی سەرەکییەوە، وێڕای
رونکردنەوەی بایەخ و پێویستیی
راگەیاندنی خزمەتگوزاریی
گشتیی «راگەیاندنی
نیشتمانیی» بۆ
ئێستای هەرێمی
کوردستان، بە دوای
پێگەکەیدا لەو واقیعەدا
بگەڕێت و، ئاستەنگەکانی
بەردەم دامەزراندنی دیاری
بکات، هەروا گۆشە و رەهەندە
جیاوازەکانی بابەتەکەش
شرۆڤەبکات.



# Public Service Media

Dr. Hersh Rasull     Dr. Karwan Ali

View publication stats